# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە


**دۆسیەی ژمارە ”موچەی فەرمانبەران لە ململانێی نێوان هەولێر و بەغداد“ دا**

**بۆ دۆسیەی ئەم ژمارەیە هەریەك لە بەڕێزان حەسەن مارف، بەرزان شەلال، مامۆستا محەمەد گۆران… بۆ بۆپێشەوە دەدوێن…ل 11-12-13**


ساڵی چوارەم ژمارە(90) بەرواری 15-1-2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


# خەباتی بەنەخشەو ڕێکخراوی چینی کرێکار و بێبەشان زامنی موچە و خزمەتگوزارییەکانە!

ساڵی ٢٠٢٠ تەنها هەشت موچە دابەشی سەر موچەخۆران کراوە، لەو هەشت موچەیەش سێ موچەی هی ساڵی ٢٠١٩ بووە، واتە لە ساڵی رابردودا تەنها پێنج مانگ موچە دابەشی سەر موچەخۆرانی هەرێم کراوە، لەو پێنج موچەیەش کەدابەش کراوە چەند مانگێکی بە لێبڕینەوە بووە.

ئێستا کە چوینەتە ناو ساڵی ٢٠٢١ وە، هیچ ئاسۆیەک بۆ پێدانی موچەی مانگەکانی ئەمساڵ دیار نییە و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمیش، هیچ نەخشەو پلانێکی دیاریکراو و ڕۆشنی بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەران نییەو چاوەڕوانی بەدیهاتنی ئەو ئەمماو ئەگەرانەیە، کە هیچ بنەمایەکی نییەو ناتوانێت وەڵامدەرەوەی کیشەی موچەخۆران بێت. ئەگەر بەغدا پارەی نارد، ئەگەر

بۆ لاپەڕە 2

## تۆڕی هاوکاری تەندروستی پێکهات



بەرواری ١٠/١/٢٠٢١ تۆڕی هاوکاری تەندروستی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، پێکهاتنی خۆی ڕاگەیاند.
پێکهێنەرانی ئەم تۆڕە لە کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەیاندا ئامانجی ئەم تۆڕەیان ڕاگەیاند، کە هاوکاریکردنی خەڵکانی هەژار و کەم دەرامەتی کوردستانە. ئەم تۆڕە پێکهاتووە لە ژمارەیەک لە دکتۆر و کارمەندی تەندروستی و هەڵسوڕاوی جەماوەری.
شایانی باسە، تۆڕی هاوکاری تەندروستی لەدرێژەی کاری تۆڕە هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکهاتووە و بەشێکی تر لە پرۆژەی کاری تۆڕی کۆمەڵایەتییە.

بۆ لاپەڕە 3

## بۆ ئازادکردنی گیراوەکانی بادینان، هێز و گوشاری جەماوەری پێویستە!....ل4



سەردار عەبدوڵا

## نەهرۆی کەسنەزانی و سەرانی یەکێتی نیشتمانی!

دەسەڵاتی بۆرژوازی لە کاتی قەیرانەکاندا کە ڕووبەڕووی نارەزایەتی جەماوەری دەبێتەوە بەهۆی شکاندنەوەی قەیرانەکانی بەسەر جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و خەڵکی هەژاردا، ناچار دەبێ بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی پەنا ببات بۆ هەموو سەرکوت و درۆ و فێڵ و چەواشەکاریەک. خەڵکی کوردستان لە ماوەی ٣٠

بۆ لاپەڕە ... 5

## سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کوردستان لە گرەوی چیدایە؟



عەبدوڵا مەحمود

ساڵی رابردوو شەپۆلێکی تری خۆپیشاندانی نارەزایەتی لە شێوەی بایکۆت، کۆبونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان… بەشێکی زۆر لەشارو شارۆچکەکانی زۆنی سەوز و زەردی گرتەوە،

بۆ لاپەڕە ...6

## دوبارە کاتی دەستپێکردنەوەی خوێندن دواخرا…ل3

## سیستەمی حزبی یان شورایی…ل10





## (خۆشەویستی و سەرمایە، دوێنێ و ئەمڕۆ) وەڵامدانەوەیەکی سەردەمیانە بەبانگێشەکانی سەرمایەداری… چاوپێکەوتنێک لەگەڵ {ماری گابریێل}، دیڤید بیستو چاوپێکەوتنەکەی کردووە ل4…



پرسی ژن ل 7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل 9-8

## درێژەی وتەی ژمارە

داهاتەکانی کۆکرانەوە، ئەگەر یاسای بودجەی ٢٠٢١ بە ویستی هەرێم تێپەڕێت، ئەگەر نرخی نەوت زۆر بەرزبێتەوە... ئەم ئەمما و ئەگەرانە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەم ساڵیشدا ڕۆڵی چاوەڕوانی و بێدەبەستی دەگیرێت و خاوەنی هیچ نەخشەیەک نییە.

بێ باکی دەسەڵات بەرامبەر بە موچەی فەرمانبەران، کە نەک داخوازی، بەڵکو مافێکی بی ئەولاو لاو بێ مەرج و هاوکات مافی بەشێکی کەم لە ماندوبوون و حاسڵی کارو زەحمەتیانە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تاڵانچێتی دەسەڵاتەوە هەیە.

نوخبە "ئیلیت" ی سیاسی دەسەڵات و دەوروبەریان، کە ژیانێکی شاهانە و فیرعەونانەیان لەڕێگای دەست بەسەراگرتنی داهات و بازار و بەتاڵانبردنی دەسترەنجی چینی کریکارو بێبەشاندا، بۆخۆیان خوڵقاندووە، ناتوانن لە دۆخی سەخت و ژیان و گوزەرانی ملیۆنی خەڵکی کوردستان تێبگەن. بەکردەوەش نیشانیان داوە، بەرنامەو نەخشەی وەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین داخوازی و خزمەتگوازرییەکانیان نییە.

لەدواین دیداری شاندی هەرێم لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠دا لەگەڵ شاندەکانی بەغداد، وەفدی هەرێم بەڵێنی ڕادەستکردنی ٢٥٠ هەزاو بەرمیلی ڕۆژنەی بە سۆمۆ و نیوەی داهاتی خاڵە سنورییەکانی بە بەغدا داوە تا لە بەرامبەردا، بەغدا موچەو شایستە داراییەکانی تر بداتە دەسەڵاتی هەرێم، کەچی تا ئێستا دەسەڵاتی هەرێم پابەند بەو بەڵێنەی نەبووەو تاکە لیترێک نەوتی ڕادەستی سۆمۆ نەکردووە، هەروەها نیوەی داهاتی خاڵ و دەروازە سنورییەکانی هەرێمیش زۆتر لە مەتەڵ دەچێت، چونکە کەس نازانێت داهاتی خاڵە سنورییەکان لەناو ئەو هەموو دزی و تاڵانچێتیە عەنتەریەی بەرپرسەکانی حزبدا، چەندە و چۆنە؟ وە چۆن دەکرێت حکومەتێکی دیکۆر و کارتۆنی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی بەرپرسە حزبیەکانی زۆنەکان بکات، کەخۆی موچەخۆر و گوێرایەڵی حزب و بنەماڵەکانە.

لە ئێستادا کە پرۆژەی پێشنیاری بۆ بودجەی ساڵی ٢٠٢١ لە ئارادایەو بڕیارە پەرلەمانی عیراق پەسەندی بکات، دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، چاوەڕوانی ئەوەیە، ئەم پرۆژە یاسایە وەکو خۆی تێپەڕیت، چونکە پرۆژە یاسا پێشنیاریەکە پشکی بودجەی هەرێمی بە زیادەیەکی بەرچاوەوە بە پێوەری ژمارەی دانیشتوانی باقی شارەکانی تر، تەنانەت بە بەرواود بەبەغدای پاتەخت و موسڵی وێرانکراویش، زۆرترە...*

دیارە دانانی ئەم بودجەیە وەکو پشکی هەرێم، لە بنەڕەتدا سیاسیەو هێزو لایەنە سیاسییە عێراقیەکان لە هەلومەرجی ئێستادا و بەپێی هاوسەنگی هێز و ناسەقامگیرییەک کە هێشتا عێراق پیایدا گوزەر دەکات، دەیانەوێت ئیمتیاز بدەن بەهێز و لایەنە دەسەڵات بەدەستەکانی هەرێم. بەگرتنەبەری ئەم سیاسەتەش لەلایەکەوە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەمامەڵە لەگەڵ هەرێمدا دەخەنە پشتی خۆیان و لەلایەکی تریشەوە خەڵکی کوردستانی توڕە لەدەسەڵاتی سیاسی هەرێم خاترجەم دەکەنەوە کە لە ململانێی هەرێم و بەغدادا، بەغدا سازشی کردووە ئەوە هەرێمە مل بە ڕێکەوتنامەکان و دەستور!! نادات.

دیارە گومان دەکرێت کە ئەم پرۆژە یاسا بودجە پیشنیارییە بۆ ساڵی ٢٠٢١ بەو جۆرەی پێشنیار کراوە لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، هاوکاتیش گومان دەکرێت دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، نەوت و نیوەی داهاتی دەروازە سنورییەکان ڕادەستی بەغدا بکات.

هێزو لایەنە سیاسیەکانی بەشدار لە پەرلەمانی عێراقدا، هەمان ئەو ڕوانین و بۆچونەیان نییە، کە لەدەرەوەی پەرلەماندا هەیانە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کەئەو لایەنە سیاسیانە بەشدارن لە دارشتنی پرۆژە پیشنیارییەکی مەوازنەی بودجەی ساڵی ٢٠٢١ دا، بەڵام لەناو پەرلەماندا لە ڕێگای مامەڵەی یاسایی!! و دەستور!!ی، ڕێگە نادەن پشکی بودجەی هەرێم لە پشکی بوجەی شارێکی نزیک نۆ ملیۆنی وەکو پایتەختی عێراق زیاتر بیت.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێمیش، بەجیا لەوەی هەمیشە پێداگری لەسەر پابەند بوون بەدەستور و ریکەوتنامەکان لەگەڵ بەغدا دەکەن، بەڵام ئەو راستیە سادەیە تێدەگەن، کە ئەگەر ئیستا مل بۆ ڕادەستکردنی نەوت بۆ سۆمۆ و ڕادەستکردنی نیوەی داهاتی خاڵە سنورییەکان بە بەغدا بکەن، ئەوە برگەیەکی ترە لە کورتکردنەوەی دەسەڵات و قەڵەمرەوی سیاسییان و ڕۆڵ و ئەو سەربەخۆییە سیاسیەی تا ئێستا بویانەو بۆیان چۆتە سەر بەرەو لاوازی زۆرتر دەبرێت و هەنگاوەکانی داهاتووی ئەم مەترسیەش لەسەر دەسەڵاتیان درک دەکەن، بۆیە ئەستەمە بە کردەوە مل بە ویستەکانی بەغدا بدەن، بەتایبەتیش کە تا ئێستا لەلانی کەمی پشتیوانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەهرەمەندن... بەڵام بێ گومان ئەم پێگەیەی ئێستایان وەکو خۆی نامێنێتەوەو ڕۆژ بەرۆژ ڕەوتی داکشان و داکوژان دەپێوێ.

ئەوەی لەم نێوەدا ڕۆشنە، هەرێم و بەغدا بەهەر ڕێکەوتن یان سازشێک بگەن و ئەم برگەیەش وەکو ساڵانی ڕابردوو بە ململانێی و کیبەرکێی، درێژەی دەبێت و لەوەش زیاتر ئاسۆیەک بۆ باشتر بوونی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بەگشتی و موچەخۆران بەتایبەتی نییە. ئەمەش تورەیی و نەفرەتی جەماوەری ملیۆنی بێبەشی کورردستان لە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەباتە سەر. تەنها ڕیگایەک کە بتوانێت هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بێبەشان بەتایبەتیش موچەخۆران، کەمێک باشتر بکات، لە مەیدان دابوون و بەردەوامی دانە بە خەبات و تیکۆشانی بەنەخشەو ڕێکخراو، کۆبونەیەوەیە لەدەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و ڕاماڵینی دەسەڵاتی مافیایی بۆرژازی کوردە.

*** خشتەی یەک... پرۆژەی قانوونی مەوازەنەی ساڵی ٢٠٢١**

| ناوی شوێن | بودجەی وەگەڕخستن/ ١٠٠٠ دینار | بودجەی وەبەرهێنان/ ١٠٠٠ دینار | کۆی هەردوکیان/ ١٠٠٠ دینار | ژمارەی دانیشتوان ٢٠٢١ |
|---|---|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ١٠,٩١٢,٦٢٧,٥١٢ | ٢,٩٩١,٣٨٤,٩٤٠ | ١٣,٩٠٤,٠١٢,٤٥٢ | ٥,٧٦٦,٦٩٨ |
| پارێزگای بەغدا | ٣,٢٠٦,١٧٢,٦٢٩ | ٥٣٧,٧٦٩,١٢٤ | ٣,٧٤٣,٩٤١,٧٥٣ | ٨,٦٥٠,٠٤٧ |
| پارێزگای نەینەوا | ١٢٤,٢٢٤,٤٦٩ | ٢٦٢,٠٦٩,١٢٥ | ٣٨٦,٢٩٣,٥٩٤ | ٣,٨١٢,٤١٨ |
| پارێزگای بەسرا | ١,١٠٩,٧٢٢,٨٢٥ | ٥٥٢,٣٧٩,٣٢٦ | ١,٦٦٢,١٠٢,١٥١ | ٣,٠٤٩,٩٣٤ |
| پارێزگای ئەنبار | ٩٥,٣٦٠,٦٣٣ | ١٢٢,٣٤٦,٢٣٢ | ٢١٧,٧٠٦,٨٦٥ | ٢,٠٥٩,٥٣٥ |
| پارێزگای نەجەف | ٧٥٧,٢٩٨,٤٧٤ | ٩٩,٥٨٢,٥٠٤ | ٨٥٦,٨٨٠,٩٧٨ | ١,٦٤٧,٦٢٨ |
| پارێزگای کەربەلا | ٧٠٤,٧٩٦,٩٢٩ | ٨٤,٩١٩,٨٤٩ | ٧٨٩,٧١٦,٧٧٨ | ١,٢٣٥,٧٢١ |
| پارێزگای زیقار | ١,٣٨٩,٩٤٨,٩٠٠ | ١٧١,٥٢٩,٤٣٦ | ١,٥٦١,٤٧٨,٣٣٦ | ٢,٠٥٩,٥٣٥ |
| پارێزگای میسان | ٤٧٨,٦٩٧,٣٣٨ | ١٤٤,٠٤٠,٢٨٨ | ٦٢٢,٧٣٧,٦٢٦ | ١,٢٣٥,٧٢١ |
| پارێزگای واست | ٦٥٣,٨٤٠,٥٦٩ | ١١٥,٣٢٠,٦٢١ | ٧٦٩,١٦١,١٩٠ | ١,٦٤٧,٦٢٨ |
| پارێزگای موسەننا | ٣٧٦,٣٩٣,١٣٩ | ٧٣,٤٥١,١٣٠ | ٤٤٩,٨٤٤,٢٦٩ | ٨٢٣,٨١٤ |
| پارێزگای بابل | ١,٠٣٤,٨٦٧,١٤٤ | ٢٩٦,٦٣٦,٩٧٢ | ١,٣٣١,٥٠٤,١١٦ | ٢,٠٥٩,٥٣٥ |
| پارێزگای دیوانیە | ٧٢٣,٨٤٨,٠٣١ | ١٠٣,٢٣٤,٧٧٢ | ٨٢٧,٠٨٢,٨٠٣ | ١,٢٣٥,٧٢١ |
| پارێزگای سەلاحەدین | ٦٨,٧٤٤,١٥٦ | ١٠٥,٦٩٠,٥٢٣ | ١٧٤,٤٣٤,٦٧٩ | ١,٦٤٧,٦٢٨ |
| پارێزگای کەرکوک | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |
| کۆ | ٢١,٦٣٦,٥٤٢,٧٤٨ | ٥,٦٦٠,٣٥٤,٨٤٢ | ٢٧,٢٩٦,٨٩٧,٥٩٠ | ٣٣,٦٣٦,٣٠٧ |
| کۆ بێجگە لە هەرێم | ١٠,٧٢٣,٩١٥,٢٣٦ | ٢,٦٦٨,٩٦٩,٩٠٢ | ١٣,٣٩٢,٨٨٥,١٣٨ | ٢٧,٨٦٩,٦٠٩ |

**لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا چونکە دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی حزبدا بەرجەستەیە لە جێگای حکومەت، دەبێ دەسەڵاتی سیاسی حزبی رابماڵریت، ئەمەش بەمانای ئەوە دیت کە لەهەر جێگایەك و لەهەر گەرەك و شارو شارۆچکەیەك کە دەسەڵات نابوت دەکرێت و بارەگاکان و هیزەکانی رادەماڵرێن یان ناچار بە پاشەکشە دەکرێن، ئەگەر راستەوخۆ هێزی سیاسی، یان جەماوەری تر جێگەی نەگرێتەوە و توانای بەرگریکردنی جەماوەری و چەکداری نەبێت، بە شوێنیك ناگات و حزبی دەسەڵات، بە بە پشت بەستن بە هیزی چەکدار و داهاتێك کە دەستی بەسەردا گرتووە، دەگەڕیتەوە...**

# تۆڕی هاوکاری تەندروستی پێکهات

... تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی بەماوەیەکی کەم لە بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا ڤایرۆس، لەچەندین ولاّتی ئەوروپا و چەندین شارو شارۆچکەی کوردستاندا بەمەبەستی هاوکاری خێزانە کەم دەرامەت و هەژارەکان پێکهات. ئەم تۆڕانە گیانی هاوکاری و کاری بەیەکەوەیی بۆ وەڵامدانەوە بە بەشێک لە گرفتەکانی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی نەداردا، دروستکرد و تا ئێستاش بەهەزاران



خیزان هاوکاریان لەلایەن ئەم تۆرانەوە پێشکەش کراوە.

بێ گومان کاری ئەم تۆڕانە کۆمەڵایەتیانە لەگەڵ تۆڕی هاوکاری تەندروستی، کارو کۆششێکی خۆبەخشانەی ژمارەیەک ئینسانی تێکۆشەری سیاسی و جەماوەری و هەڵسوڕاوی مەدەنی و کارمەند و دکتۆرە، کە دەیانەوێت لەپاڵ ئۆردوی بێبەشاندا بوەستن و هاوکاریان بن.

ئەم تۆڕانە دەتوانن بەجیا لەوەی کەخۆیان هاوکاری و کۆمەکی خۆبەخشانە لە خەڵکی ئازادیخوازو ئینسان دۆست کۆدەکەنەوە،



دابەشی سەر خێزانە کەم دەرامەتەکانی دەکەن، هاوکات دەتوانن ببنە گوشاریش بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی کە بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن و لایەک لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی نەدارو هەژار بکەن... هاوکات ئەم تۆرانە دەتوانن ببنە سەرەتای ئیرادە گێڕانەوە بۆ توانایی خۆدی ئینسانە بێبەش و نەدارەکان، تا بە کۆبونەوە لەدەوری یەکتری بتوانن ویست و داخوازییەکانیان بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنن و هاوکاتیش ببنە بەشێک لە هێزی رێکخراوی بزوتنەوەی ڕەوای حەقخوازانەی جەماوەری بێبەشی کوردستان، لە پێناو نان و موچە و خزمەتگوزارییەکاندا.

# دوبارە دەستپێکردنەوەی خوێندن دواخرا!

وەزارەتی پەروەردە، جارێکی تر دەسپێکردنی سالّی نوێی خوێندنی بەهۆی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە دواخست، بەپێی لێدوانی ئەو وەزارەتە جگە لەقوتابیانی پۆلی ١٢ ئامادەیی کەدەست بەدەوام دەکەنەوە، باقی ئاستەکانی تری خوێندن بۆ ١/٣/٢٠٢٠ دواخراوە. هاوکاتیش بەشێکی زۆر لە مامۆستایان بەتایبەتیش لە زۆنی سەوز ئامادەنین دەست بە دەوام بکەنەوە، ئەگەر موچەیان لە کاتی خۆیدا پێ نەدرێت...



هەنگاو نان بۆ کەم کردنەوەی مەترسی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا، کاری دەسەڵات و وەزارەتی تەندروستی و هاوکات ئەرکی هاوڵاتیانە پابەندی ڕێنماییە تەندروستیەکان بن، بەتایبەتیش کە کەرتی تەندروستی هەرێم وێران و دەسەڵاتی سیاسیش نابەرپرسە، بەڵام گوێنەدانیش بە پرۆسەی خوێندن و دواخستنی گورزێکی کوشندیە لە خوێندکاران و ئایندەیان... لەهەموو دنیادا کۆرۆنا ڤایرۆس هەرەشەیە لەسەر هاوڵاتیان و خوێندکاران، بەڵام ئەمە هەرگیز نەبۆتە هۆی راگرتنی خوێندن و دواخستنی بەو جۆرەی لەهەریمی کوردستاندا زۆر بەسادەیی دوای دەخەن، بەڵکو لە ریگای ترەوە قەرەبووی پرۆسەی خویندن و پەروەردە کراوەتەوەو خوێندن بەردەوامە، و ڕیکارەکانی تەندروسیش پەیرەو دەکرێن. هەروەها لە هەلومەرجێکدا کە کۆرۆنا فایرۆس بۆتە هەرەشە لە سەر کۆمەڵگە، و بارێکی قورس بەسەر هاوڵاتیانەوە، بەچەندین ریگا هاوڵاتیان کە کار لەدەست دەدەن یان ناتوانن وەکو پێشوو کار بکەن، قەرەبوو دەکرێنەوە، کەچی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی هەرێمدا، مامۆستایان وەکو بەشێکی بەرین لە موچەخۆران داوای کار و دەوامیان لێدەکرێت، بەڵام موچەیان پێنادرێت... ئەمەش نەک هەر ئیفلیج کردنی پرۆسەی خوێندنە و هێنانەخوارەوەی ئاستەکەیەتی، بەڵکو هەرەشەیەکی ئاشکرایە لە ژیان و گوزەرانی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە... دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسە لە خوێندن و پەروەردە و هاوکاتیش لە دانی موچەی مامۆستایان لەکاتی خۆیدا. مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە ئەرکیانە گوشارەکانیان بەشێوەی رێکخراو بۆ سەر دەسەڵات درێژە پێبدەن هەم بۆ وەگەرخستنەوەی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەو هەم بۆ وەرگرتنی موچەکانیان، لە کاتی خۆیدا و گێرانەوەی موچە دواخراوەکانی مانگەکانی پێشو. بەبێ نارەزایەتی ریکخراو ئامانجدارانە، دەسەلات بەخۆشی خۆی نە باکی بە خوێندن و پەروەدەیەو نە بەژیان و گوزەرانی مامۆستایان...

**بۆپیشەوە، بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو و سازشهەڵنەگری کۆمۆنیستی، بە وێنەی سەکۆی نارەزایەتی سۆشیالیستی و پێشکەوتنخوازی، وەکو مینبەری ڕۆشنکەرەوەی ڕەوتی خەباتی ڕەوای چینی کرێکارو بزوتنەوە رادیکاڵ و ئینسانییەکان، لەمەیدان دایە. بۆئەوەی بۆپێشەوە لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و پەیامە گەورەو ئینسانیەدا، سەرکەوتوبێت... پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگە هەیە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# (خۆشەویستی و سەرمایە، دوێنێ و ئەمڕۆ)

## وەڵامدانەوەیەکی سەردەمیانە بەبانگێشەکانی سەرمایەداری چاوپێکەوتنێك لەگەل {ماری گابرێڵ} دێڤید بێستو چاوپێکەوتنەکەی کردووە

وەرگێڕانی : ئەحمەد جوانکار .. بەشی دووهەم




دەم کوتکردن ومالّیکردنی ڕۆشنبیران وئابوری ناسان، لەلایەن سەرمایەداریەوە کارل مارکس بەتاوانێکی گەورەی دائەنێت.. ئەوباوەڕی وابوو، ئەوە بۆتەهۆی وێرانکردن و پەرت پەرتکردنی پەیوەندیەکانی نێوان خەڵکی. سەرمایەداری جگە لەبەرژەوەندیە بێ ئابڕویەکانی خۆی، کەسایەتی و باوەڕبەخۆبوون و نایەوێت وەک مرۆڤێک خۆت ببینیتەوە ..بۆیە خۆبەکەمگرتنی کەسەکانی گۆڕی بۆبەهای بازرگانی. مارکس ئاماژەی بەبەڕێزی وکاری پیشەیی دکتۆرو پارێزەرو زانایان و.. شاعیران و قەشەدەدا، کەچۆن لەلایەن ئەم سیستەمەوە بچوکراوەتەوە بۆ کرێکارێکی کرێگرتە.. هەروەها پەیوەندی خێزانی {کەمکردۆتەوە بۆ پەیوەندیەکی دارایی } . کارڵ مارکس ئاماژەی بەو ئاڵۆزی و ژاوەژاوە و سەرلێشێواویە دەکرد کە لەسەردەستی سەرمایەداریدا دروست دەبێ لەجیهاندا.

سەرمایەداری هەموو کارەکانی پچڕپچرو هەریەکە لەلایەکە و بەنیوە ناچڵ و بەتەواونەکراوی ئەهێڵێتەوە، کارەکانی ئەگۆڕێ بەپێوەری قازانج وقازانجی زیاتر ...( وەک ئەوکێشەو ناخۆشی و شەڕوشۆڕانەی ئێستا ڕودەدات لەجیهاندا) ( وەرگێڕ )

کارڵ مارکس باسی پێویستییەکانی گۆڕینی بەردەوامی پرۆسەی بەرهەمهێنان و قازانجی کرد، کە بۆ سەرفکردن پێویستی بەئاوەدانکردنەوەی بازاڕی نوێ هەیە لەجیهاندا. باسی ئەوەی کرد سەرمایەداری هاوپەیمانی لەهەموو شوێنێک ئەبەستێت و لەهەموو شوێنێک کارگەو جێگە بۆخۆی دادەنێت و بۆ خۆی ئاوەدانی دەکاتەوە. سیستەمی بازرگانی سەرمایەداری، کەرەسەی خاوی لەشوێنە دوورەکانەوە بۆ بەرهەمهێنەرانی دەبرد بۆ ئەوسەری ئۆقیانوس.. دواتر دوای بەرهەمهێنان لەڕێگەی پاپۆڕو شەمەندەنەفەرەوە، بەبەکارهێنەران دەفرۆشرایەوە. بەهاتنی نەزمی نوێی جیهانی پیشەسازییە کۆنەکان و نیشتمانیەکان دەوریان نەماو کۆتاییان هات. بەسەرچوون لەگەڵ کۆمەڵگە کۆنەکەدا .مارکس ئاواپێناسەی ئەم نیزامەدەکات:

( سەرمایەداری جیهانێک لەوێنەی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە)

ڕونیشیکردەوە بەچاندنی تۆوی ئەوکۆمەڵگەیە لەناوچونی خۆی تێدایە.. وەک جادووگەرێک وایە، کەچیدی ناتوانێ کۆنترۆڵی ئەوهێزە ژێرزەویانەی نییە کەخۆی بانگێشەی بۆکردووە. قەیرانە بازرگانیەکان خێراو خێراتر بەدوای یەکدا دێن، بەهۆی کەڵەکەبون و مانەوەی بەرهەمەوەو زیادبونی هێزی کارو سوپایەکی زۆری کرێکاران، بۆپارێزگاری لەمیکانیزمی کۆمەڵگەی پیشەسازی، کەچینی کرێکاران دەگۆڕێ، بۆ چینێکی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕو، هێزێکی شۆڕشگێر کەنەزمی نوێی جیهانی لەناو دەبات. بۆ مارکس، خەباتی چینایەتی، ڕاستییەکی بەرچاوی پێشکەوتنی مێژوویی بوو، بەتەواوی هەروەک بەر هەموو دۆزینەوەکانی نەوەیەک، کەپێشکەوتنی نەوەی داهاتوو پێکدێنێ.

ئایا ئەم پێشکەوتنە دواجار بەکۆمۆنیزم ئەگات؟ ئەی چ دەرئەنجامێکی بۆ ئابوری و کرێکاران و خێزان دەبێ؟ مارکس ڕایگەیاند کە کۆمۆنیزم {لەجەوهەردا} پەرەسەندنی سروشتی موڵکیەتی تایبەت بووە. ئەو وەڵامی ڕەخنەگرە ترسنۆکەکانی دەدایەوە بەوەی کە %۹۰ لە سەدا نەوەد دانیشتوانی ئەوکات هەژارو خاوەن هیچ پێداویستیەک نەبوون بەم شێوەیە زۆرینە ئەو کەسانەبوون کە زیانیان پێگەیشتووە ..کەمینەش سودمەندو ئەوانەبوون کە قازانجایان لەسەربنەمای چەوساندنەوە بوو .کۆمۆنیزم هیچ کەسێک لەبەرهەمی کۆمەڵایەتی گونجاو بێبەش ناکات، وە ڕێگە بەکەڵەکەبوونی سەرمایەی کەسێک نادات، لەڕێگەی کاری کەسانێکیترەوە سەرمایەکەی چنگ کەوتبێ.

من ئەپرسم: بۆچی پیشەسازیەک، کەپشت بەکاری سەدان یان هەزاران کرێکار دەبەستێ، ئەبێ چەند کەسێک دەوڵەمەند بکات؟ بۆچی بەرووبومی وشکانی و دەریایی ئەم زەویە پانوو بەرینە، ئەبێ کەمایەتییەک سودمەندبن لێی و، بەدوای قازانج و قازانجی زیاتردا بگەڕێن..؟ مارکس، ئەوکەسانەی بەتاوانبارو دووڕو دادەنا، کەپێیان وابوو کۆمۆنیزم زیان بەپەیوەندی خێزانی دەگەیەنێت.

وتی: ئەوە لەسایەی نیزامی پیشەسازی سەرمایەداریدایە، منداڵان لەژیانی شیاوی منداڵی بێ بەشکراون، لەخوێندن و پەروەردەیەکی شیاو بێبەشکراون، وەک کاڵاو ئامرازەکانی کار مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. .. ئەوە سەرمایەداریە پەیوەندی خۆشەویستی و هاوژینی تێکشکاندووە.. فریودانی کچان و ژنانی کرێکار، دەستخەڕۆکردن و ڕابواردنی سێکسی لەگەڵیاندا لەلایەن خاوەنکارەوە، کە هەریەکەیان دڵخوازو هاوسەری خۆی هەیە... تەنها {بۆ بەتاڵکردنەوەی لێشاو و ئارەزوی کاتی خۆی }.

کارڵ مارکس وتی: لەبری کۆمەڵگەی بۆرجوازی کۆن، بەهەموو چین و توێژە دژ بەیەکە چینایەتیەکانیەوە، دەکرێ کۆمەڵگەیەک پێکبێ، کەتێیدا پێشکەوتنی ئازادانەی هەرتاکێک، مەرجی ئازادانەی هەموان بێت...

لەدواتردا وتی ئەوکۆمەڵگەیە کاتێ بەدی دێ، کە ئەم کۆمەڵگە چینایەتیەی کە ئێستا هەیە نەمێنێ و سەرەو ژێر بکرێ. سەرمایەداری هەموو کاتێ لەشۆڕشی کۆمۆنیستی ئەترسێ، کرێکاران لەم شۆڕشدا، تەنها کۆتوو زنجیرەکانیان لەدەست ئەدەن . لەگەڵ دروشمە بەناوبانگەکەیدا، کە ئەڵێ :

{ کرێکارانی جیهان یەکگرن !} .

لەڕاستیدا، مارکس وەک بیرمەندێکی مەزن، باسی دنیای ئێمەو کێشەکانی سەدەی بیستەمی کرد، باسی گۆڕان و کێشەکانی داهاتوو، داهاتووی هەموو کێشەکانی لەبەرچاوبوو، هەمووی ڕون دەکردەوە، بەڵام کەسانێک کە لەسەردەمەکەی ئەودا ژیاون لێی تێ نەدەگەیشتن، یان بەزەحمەت لێی تێگەیشتوون. ئەمەش ناخۆشی و بارگرانیەک بووە . ئەو وەک هەموو بیرمەندێکی گەورە، تەنها بۆنەوەکانی، یان کچ، یان هەڵگرانی باوەڕەکەی، شتی نەنووسیوە، یان باسەکانی بۆکەسانێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە نەبووە... ئەو بۆ مرۆڤایەتی شتی نووسیوەو وتووە .. ئەو لەزۆر ڕووەوە قسەو باسەکانی لەسەرژیانی ئەمڕۆی ئێمە دەکرد ..

**ماویەتی**

# بۆ ئازادکردنی گیراوەکانی بادینان، هێز و گوشاری جەماوەری پێویستە!

نزیکەی پینج مانگە ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان و چەندین رۆژنامەنووس و مامۆستا، لەلایەن دەسەلاتی پارتیەوە لە زیندان توندکراون... تاوانێک!! کە ئەو سەدان کەسە کردویانە بانگەواز بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین بووە، بە بێ موچەیی و دۆخی نەخوازراوی ژیان.

دەستبردنی پارتی بۆ ئەم شیوە لەمامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەران و ڕفاندن و زیندانی کردنی کەسە چالاک و هەڵسوڕاوەکان، بۆ ماوەی چەندین مانگ چاوەڕوانکراوە... حزب و لایەنێکی سیاسی ئامادەبێت بەچەندین مانگ موچە موچەخۆرانی نەدات، لانی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیانی دابین نەکات... لەبەرامبەریشدا پەیتا پەیتا باج و رسومات بخاتە سەر هاوڵاتیان و سەرانی قاچاغچی و بازرگان و سەرمایەدارە حزبیەکانیش بە ئاشکرا خەریکی تاڵانی و دزی بن... هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کە هەر کەس و هەڵسوڕاوێک دەنگی بەرزکردەوە نارەزایەتی دەربڕی لە زیندانی توند بکات... ئەمەش نیشانەی ترسە لە تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری و خۆشیان باش دەزانن، نارەزایەتی جەماوەری و ویستی ڕەوای هاوڵاتیان لەڕیگای سەرکوت و ترساندنەوە بە شوێنێک ناگات و خامۆش ناکرێتەوە، بەپێچەوانەوە رق و تورەیی جەماوەری زۆتر دەکات... ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی تریش کە ئێستا بەشداری دەسەلاتن، وەکو پارتی بەرپرسی ئەم سەرکوت و توندوتیژییەن و بێدەنگیشیان بەرامبەر بە سەرکوت و زیندانی و تەنانەت دەنگ دەرنەهاتنیان لەبەرامبەر بە کوشتاری چەنین خۆپێشاندەر، ئەوە دەخاتە ڕوو... کە دەسەلاتی سیاسی ئێستا و لایەنەکانی بەشدار لە حکومەتدا، هەموویان چۆن تۆمەتبارن لە برسیکردن و موچە بریندا، ئاواش بەرپرسیاری سەرکوت و زیندانیکردن و کوشتاری خۆپێشاندەرانن... جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان و هەر حزب و لایەنێکی سیاسی و جەماوەری و پیشەیی و تا دەگاتە هەر کەسایەتیەک کە بانگەشەی بەرگری لە ئازادی و مافی ئینسان دەکات، ئەرکیانە گوشار و ڕیکاری کاریگەری فراوان بخەنە دەستورەوە بۆ ئازادکردنی زیندانیەکان و رادەستکردنی تۆمەتبارانی سەرکوت و کوشتاری خۆپیشاندەران...



# نەهرۆی کەسنەزانی و سەرانی یەکێتی نیشتمانی!

**نووسینی: سەردار عەبدوڵا**

سالی ئەم دەسەڵاتەدا ئەم دیاردەیان بینیوە بە چاوی خۆیان، ئێستا ئەم دەسەڵاتە متمانەی دۆڕاندووە و چیتر خەڵک باوەڕی پێ ناکا .

قەیرانی مووچە دیارترینی ئەو قەیرانانەیە کە ئەم دەسەڵاتە دزو تاڵاچییەی بە جێگایەک گەیاندووە پەنا بۆ شێخ و فریوکاریەکانی ببات. لەم کاتەدا شێخ نەهرۆی کەسنەزانی باشترین ئامرازە بۆ ئەم فریوکاریەی دەسەڵات. سەرانی دەسەڵاتەکەی یەکێتی بە تایبەت بەرهەم ساڵحی سەرۆک کۆمارو پاڤێڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتی و وەزیری گەشت و گوزار، یەک لە دوای یەک سەردانی شێخ نەهرۆیان کرد بۆ کردنەوەی پڕۆژەی بە کەربەلاکردنی شاری سلێمانی و کردنەوەی مەزارگەیەک بۆ گۆڕی باوکی شێخ نەهرۆ تا بەڵکو دەروێشەکانی سەردانی بکەن و لەم ڕێگاوە سەرمایەگوزاری بکەن، گوایا لە بەرژەوەندی خەڵکی نەداری کوردستان دەبێ وەک نەهرۆ خۆی وتی چارەسەری کێشەی مووچەی پێ دەکات. ئەوەی نەهرۆ وتی درۆیەکی تازە نییە، سەرانی دەسەڵاتی کوردی هەمیشە ئەم قسەیان دووبارەو چەند بارە کردوەتەوە ئەمجارە ئەم دەسەڵاتە ئەم درۆیە بە شێخ نەهرۆ دەکا، چونکە بۆ گەمژاندنی خەڵک ئامرازێکی گونجاوە بۆیان. بۆ ئەوەی بزانین شێخ نەهرۆ بۆچی ڕاست ناکا سەرەتا دەبێ بزانین شێخایەتی و سۆفی گەری و دەروێش کۆکردنەوە لە سەر بنەمای درۆ وە فرۆفێڵ و فریوکاری لە منداڵدانی کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوارو دواکەوتوو لە دایک بووە، چونکە کۆمەڵگەی بێ ئاگا و دەسەڵاتی زۆردار پیاوی فێڵبازو ساختەچی دروست دەکا بۆ ڕۆشنایی ئەمە با بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکەی ئەحمەد کسرەوی کە پێش حەفتا ساڵ باسی هاتنی شێخ و سۆفی گەرایی دەکا:

(کسرەوی دەربارەی ڕەگ و ریشەی سۆفیگەری دەڵێت "سۆفیگەری هەروەک زۆر شتی دیکە لەفەلسەفەی یۆنانیەوە سەریهەڵداوە، دامەرێنەرەکەی پلوتینۆس-ی فەیلەسوفە کە پێیوایە سەرچاوەی جیهانو هەمووی ئەوەی هەیە یەک شتە ئەویش خودایە، هەمو شتەکانی تر لەو جودا بونەتەوە، بۆیە پێویستە مرۆڤ گیرۆدەی مادیگەری نەبیَو خۆی رادەستی چێژو خۆشییەکانی دنیا نەکات، ئەوەی گۆشەگیرو بێخود بێت دەتوانێت پەیوەست بێتەوە بەخوداو پەروەردگارەوە."

کسرەوی ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەدەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوە فەلسەفییە یۆنانیانە رویانکردە وڵاتی موسڵمانانو رۆژهەڵاتو ئەمانیش زیاتر بڕەویان پێداو زۆری نەخایاند سۆفیگەری گەشەی کردو تەکیەو خانەقا دامەزرا بۆ ئەوانەی تەرکی دنیایان دەکردو جلو بەرگێکی زبریان دەپۆشی، ئەو دەڵێت "ئیتر شێخەکانی سۆفیگەریش پاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە نوێنەری پێغەمبەرو خودان، هەمو شتێکی ئەم دنیایە بەدەستی ئەوان دەسوڕیَو تەنانەت کار گەیشت بەوەی بڵێن ئیزرائیلیش بەبێ رەزامەندی شێخ عەبدولقادری گەیلانی گیانی کەسی پێناکێشرێت*("

ئێستا وا زانیمان بناغەی سەرهەڵدانی شێخ و سۆفی گەری چییە، ئەنجا دەبێ بزانین شێخ نەهرۆی کەسنەزانی و دەسەڵاتدارانی زۆنی سەوز بە دوای چییەوەن؟ لە وەڵامدا ئەمانە بەدوای ئەوەوەن سێکتەرێکی تری ئابوری زیاد بکەن بۆ کوردستان، بەڵام ئایا سەرمایەکەی بۆ کێ دەبێ؟ دیارە چەندین سێکتەری ئابوری لە ماوەی ٣٠ ساڵدا بۆ کێ بووە ئەمەشیان هەر بۆ ئەوە، نەوت، گومرگ، بازرگانی، کۆمپانیاکان، باجەکان، پارەی ئاو و کارەبا هتد ... ئەو سێکتەرە ئابوریانەن کە لە لایەن سەرانی ئەودەسەڵاتەوە قۆرخ کراون بۆ خۆیان خەڵکی کوردستانیش بێبەش کراوە لە داهاتی ئەمانە .

ئەمجارەیان ئەم سێکتەرە ئابوریەی شێخ نەهرۆش زیاد دەبێ بۆیان، جیاوازیەکەی ئەوەیە شێخ نەهرۆش دەبێتە شەریکە دزی ئەم دەسەڵاتە لەمەودوا. ئەمانە هەموو پێکەوە خەریکی کەڵەکەی سەرمایە دەبن چونکە سیستەمی ئابوری ئەمانە سەرمایەدارییە لە سیستەمێکی لەم جۆرەدا هەژاری هەر زیاد دەکا و دەوڵەمەندیش زیاتر دەوڵەمەندتر دەبێ بۆیە قازانجی کردنەوەی تەکیەو مەزارگە و مەرقەدی کەسنەزانی بۆ ئەو چینە دەوڵەمەندە دەبێ خەڵکیش بەدرۆ و بەفێڵ دەخەنە حاڵەتی چاوەڕوانیەوە. بۆ ڕاستی ئەمەش دەکرێ ئاوڕێ لە خەڵکی کەربەلاو نەجەف و کوفە و بەغدا بدەینەوە بزانین چەندە سوودمەند بوون لە شوێنە "پیرۆزییە ئاینیەکان"!!. هەموو دەزانین خەڵکی برسی و بێکارو هەژاری ئەم شارانە بۆ ماوەی دە مانگ لەسەر جادە بوون دژی دەسەڵاتی دزو گەندەڵی میلیشیای عێراق. ئەگەر بە بووونی شوێنی پیرۆزیەکان!! بوایە و لە بەرژەوەندی خەڵکەکەیدا بوایە دەبوایە ئەو خرۆشانە گەورەیی جەماوەر هەرگیز ڕووی نەدابایە، چونکە خەڵکەکەی تێرو تەسەل دەبوو. !!!

لە لایەن دەسەڵاتەکەی یەکێتیەوە شێخ نەهرۆ بەکاردێت وەک بەشێک لە پرۆژە چاکسازیە درۆینەکەی، بەڵام لە لایەن شێخ نەهرۆ خۆیەوە پرۆژەکەی بەکار دەهێنێ بۆ بەرزکردنەوەی پلەی سیاسی خۆی وەک دەڵێن خۆی ئامادە دەکا بۆ پلەی سەرۆک کۆماری عێراق، دیارە ئەمەش بە پشتیوانی ئەمەریکایە، چونکە ئەمریکا دەیەوێ هێزێک لە عێراقدا دەسەڵاتی هەبێ لە بەرژەوەندی خۆیدا بێت بەدوای شکستی بەدیلەکەی دوای رووخاندنی سەدام کە بووە هۆی بەهێزکردنی پایەگای ئێران و لاوازی خۆی لە ناوچەکەدا. بە چەندین بەڵگەی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شێخ نەهرۆ پیاوی خودی ئەمریکایە. بۆیە ئەو پێشبینیە جێی خۆیەتی کە ئەمەریکا ئەمجارە دەیەوێ سەرۆکێکی سۆفی گەرا لە عێراق دا دابنێ لە بەرانبەر ئێران و شیعەو سوونەی سەلەفی و داعشیدا.

هەرجۆرە خۆشباوەڕیەک بە پروپاگەندەکانی یەکێتی و شێخ نەهرۆ وەک ئەو خۆشباوەریەیە کە دەروێشەکان هەیانە بە شێخ نەهرۆ. مووچەو مافەکان بەهێزو فشاری خەڵک بەدەست دێت، نەک بە بەڵێنە هەنگوینیەکانی دەسەڵات و شێخ نەهرۆی کەسنەزانی.

سەردارعەبدوڵا حەمە

١٢/١/٢٠٢١

**تێبینی :**

***ئەو دوو پەرەگرافەم لە نووسینێک وەرگرتوە کە لە ماڵپەری ئاوێنە لەسەر کتێبەکەی ئەحمەد کسروی سەبارەت بە شێخ و سۆفی گەری چاپ کراوە، زیاتر لە ٧٠ ساڵ پێش ئێستا بۆ شارەزایی زیاتر ئەم لینکە بکەرەوە...**

https://www.awene.com/detail?article=41156

بەرجەستە بێت. خەبات بۆ روخاندنی حکومەت مانای هەیەو لە هەر جێگایەک حکومەت روخێنرا، لەتەواوی ئەو وڵات و دەوڵەتدا دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێت و حزبی خاوەن دەسەڵاتیش کەنار دەخرێت. لە جێگایەک کە دەسەڵاتی سیاسی لە حزبدا بەرجەستە بێت تا حکومەت، باس لە روخاندنی حکومەت، کاریکاتۆرێکی روت و دیدیکی تەواو نادروستە. حکومەت و پەرلەمان ... ئەگەر داگیریش بکرێن، ناتوانێ دەسەڵاتی سیاسی حزبی بخات،،، لێرەوە پرسی ڕاماڵینی دەسەڵات جێگای روخاندنی حکومەت دەگرێتەوە و میکانیزمەکانیشی تەواو جیاوازن لە میکانیزمی روخاندنی حکومەت. ڕاماڵینی دەسەڵات لەهەر جێگا و شوێنێک دەبێ هاوشان بێت بە جێگرتنەوەی دەسەڵات بەدەسەڵاتێکی تر و توانای بەرگری لێکردنی و پاشان درێژە پێدانی ئەم ڕاماڵینە بۆ جێگاو شوێنی تر تا دەگاتە دواین خاڵ و پێگەی ئەو دەسەڵاتە...یان ناچار بە راکردن و خۆبەدەستەوەدان کردنی.

ئەم کارەش بە بێ حزبی سیاسی، خاوەن ئاسۆ و توانستی ڕێکخراوکردنی جەماوەری، بەبێ خستنەڕووی بژاردەی فەرمانرەوایی تر و بەبێ ئەوەی کە بزانی چ کۆمەڵگەیەک سازدەدەیت و چ گرفتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو چارەنووساز بە گرتنە دەستی دەسەڵات وەڵام دەدەیتەوە، بەشوێنێک ناگات. بۆیە خستە رووی بژاردەی سیاسی ئەحزاب و کردنی بە بژاردەی جەماوەری مەسەلەی میحوەرییە. چینی کریکارو جەماوەری خرۆشاو یان ڕاپەڕیوو لە رێگای حزبی سیاسییەوە دەتوانریت خەبات و تیکۆشانیان ئاسۆدار بکرێت بەوەی کە چیان دەوێت و ڕێگاو میکانیزمەکانی بەدەستهێنانی کامەیەو ئەولەویەتی کارەکانیشی رۆشن بێت.

بارەگاو بینا سوتاندن و دەست گرتن بەسەر ممتەلەکاتەکان، تالانی، نەناسینی هاوسەنگی هێز، دروشمی ناوەخت، دەستبردن بۆ ئەو کارانەی زەمینەیان نییە... ئەو نەریتە لاوازو زیان بەخش و چەپرەوییە منالانەیەن کە زۆرتر لە غیابی رۆڵ و نەخشی رابەری حزبی سیاسیدا، ڕوودەدەن. پێش وەختە هەر کام لەم نەریتانە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لەراستای سەرکوتکردنیدا، ئاوەڵا دەکات و بەهرەبەرداریان لێ دەکات بۆ هەڵخراندنی جەماوەری لە دژیان.

بزوتنەوەو تورەیی جەماوەری، تا هێزی شاراوەی وەگەرنەخراو هەر ئیستا ئامادەیان هەیە و لەسەرو بەندی تەقینەوەدان... بۆ ئەوەی ئایندەی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە بەدەردی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی پێشوو تر نەچێت. دەخالەتی حزبی سیاسی و بینینی رۆڵی رابەری سازەندە، بەدەستەوە گرتنی پەرچەم و ئاسۆی سیاسی رۆشن، کە ئەوە بخاتە ڕوو چی دەوێت و وەڵام بەکام گرفتی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابورری چارەنووساز دەداتەوە مەسەلەی میحوەرییە. بەواتایەکی تر خستنەرووی بژاردەی دیاریکراو، بۆ وەڵامدانەوە بە گرفتە سەرەکی و بناغەیەکان، هاوکات دەستبردن بۆ ڕێکخراوکردن، بۆ میکانیزمەکانی بەرینکردنەوەی نارەزایەتیەکان، بردنە سەری ئامادەیەکان...زامنی یەکلاکەرەوەن. کە هەموو ئەمانە لەدڵی ڕاچەنین و خرۆشانی جەماوەریدا بەخێرایی دەتوانن کۆمەڵایەتی و جەماوەری ببنەوە.

ناوەڕاستی جەنیوەری ٢٠٢١

# سەرکەوتنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری کوردستان لە گرەوی چیدایە؟

عەبدوڵا مەحمود

بەڵام دوای ماوەیەکی کورت ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لەبەرامبەر بە زەبروزەنگ دەسەڵاتدا خامۆش بونەوە. لەم خۆپیشاندانانەدا بەجیا لە دەیان تۆمەت و ڕاوەدونانی هەڵسوڕاوان و سەدان زیندانی، ژمارەیەک لە خەڵکی کرێکار و بێبەش، گیانیان لەدەستدا.

خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردوو، بەبەراورد بەخۆپیشاندانەکانی ساڵانی پێشوو، چ لەباری بەشداری هاوڵاتیان و پانتایی ناڕەزایەتیەکان و چ لە ڕووی داخوازییەکان و ویستی جەماوەریدا، لە پێشرەویەکی گەورە بەهرەمەند بوو. زۆنی سەوزی تێپەڕاند و پەڕیەوە ناو ناوەندو پێگەی دەسەڵاتی پارتی و زۆنی زەرد. داخوازی بۆ نان و خزمەتگوزارییەکان و وەستانەوە بەرووی دزی و گەندەڵیدا، جێگایدا بە بزوتنەوەی ڕاماڵینی دەسەڵات. خۆشباوەری بە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی... بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، بە ڕادەیەکی ئێکجار زۆر ڕەوییەوە، ترسی جەماوەری وە زاڵە هاتوو لەدەسەڵات ڕووی لە کزی کرد.

بەڵام سەرباری هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و پێشرەویانە لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتیدا بەرووی دەسەڵاتی سیاسی، خۆپێشاندانەکان بەمەنزڵی خۆیان نەگەیشتن و بەزۆری چەک سەرکوتکران و ژمارەی قوربانیانی خۆپیشاندانەکانیش هەڵکشا.

ئێستا وا دیتە بەچاو یان لە دنیای واقعیدا بۆ ماوەیەکی کاتی خۆپیشاندانەکان خامۆش بوونەتەوە، بەڵام ئەمە هەرگیز بەمانای خامۆش بوونەوەی ناڕەزایەتییەکان و کەم بوونەوەی توڕەیی جەماوەری لەدەسەڵات نییە... بەڵکو پشکۆی ژێر خۆڵەمێشی ئاگرەکە، مت بووەو هەر شنەیەکی تری ناڕەزایەتییەکان لە پێشتر زیاتر دەی گەشێنێتەوە.

ئەوەی کە هەرجارە خۆپیشاندانەکان، دوای ماوەیەک لە ڕێگای زەبروزەنگی دەسەڵاتەوە سەرکوت دەکرێن و هەر جارەش ژمارەیەک لە خەڵکی برسی و بێکارو نەداری کوردستان دەبنە قوربانی، بەجیا لە درندەیی و بێ باکی دەسەڵات لەبەرامبەر گیانی هاوڵاتیاندا چەندین هۆکاری تری لەپشتە.

دەسەڵاتی سیاسی لاوازی خودی خۆپیشاندانەکان دەکاتە پاساوی هێرش و سەرکوتی دڵڕەقانەی بزوتنەوەی کوردایەتی.

نەبوونی پەرچەمی سیاسی ڕۆشن، یەکێک لەو کەم و کوڕی و لاوازیانەیە کە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، بەدەستیەوە دەناڵێنێت. ڕاستە چینی کریکار و جەماوەری بێ بەشی کوردستان، خوازیاری "نان و موچە وخزمەتگوزارییەکان و ئازادی و کۆتاییهینان بەدزی و تاڵانی و ئایندەی سیاسی کارساز بۆ کۆمەڵگەی کوردسانن. ئەوەش ڕاستە کە جەماوەری بێبەشی کوردستان بۆ زامن بوونی ئەو خواستانەیان جگە لەڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتە، ڕێگایەکی تر شک نابەن و ئومێدێکیان بەدەسەڵات نەماوە کە بتوانێت چاکسازی بکات و گوێ لە خواستەکانیان بگرێت، بەڵام ئەمە هێشتا ئاوێزان یان لەدەوری پەرچەم و ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن تەوەرەی نەبەستووە. ڕەوینەوەی خۆشباوەری بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە ئۆپۆزیسیۆنی قەومی و ئیسلامی، سەراسەری بوونەوەی ناڕەزایەتییەکان، گۆڕانی ویستی ناڕەزایەتیەکان لە داخوازییەوە بۆ ڕاماڵین، گۆڕانی هاوسەنگی هێز بە سودی جەماوەر، تاڕادەی ناسینی ئەو ڕاستیەی دەسەڵات لە حزبدا بەرجەستەیە تا حکومەت...تاد، ئەوانە هەموویان پێشرەوین. بەڵام هەموو ئەمانە پێویستیان بەوەیە وەکو پاکیجێک لەچوارچێوەی یەک ئاسۆی سیاسی ڕۆشندا، ئاراستە بکرێن.

ڕاستە جەماوەری نارازی بەشێوەی گشتی دەزانن چیان ناویت و دەیانەوێت دەسەڵات ڕابماڵرێت، بەڵام هیشتا میکانیزم و ڕێگاکانی وەلانانی ئەم دەسەڵاتەو ئەڵتەرناتیفی ئەو دەسەڵاتەیان لا ڕۆشن نییە. هێشتا بەکردەوە ئەلتەرناتیفی بۆشایی سیاسی ناناسن، هێشتا لە خستنەگەری ئیرادەی سیاسی خۆیاندا دەست کورتن، هێشتا بەدیلی دەسەڵاتی حزبی نادیارە، ئەگەر ڕابەر و هەڵسوڕاو لە خۆپیشاندنەکاندا هەن و ڕۆڵیان دیارە، بەڵام هیشتا ڕابەرایەتی سیاسی سەراسەری بۆ ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتییە ئامادەیی نییە. زۆر لایەن و حزب و تەنانەت گروپی عەنتیکە، هەوڵدەدەن و هەوڵیان داوە کە خۆیان بە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی حەقخوازانەی جەماوەریەوە هەڵبواسن، بەڵام تا ئێستا، لە کەناردا ماونەتەوەو نەیانتوانییووە، بە جێگایەک بگەن... تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین بڵێین، ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتییە جەماورییەی کوردستان تا ئێستا بێ خاوەنە.

وەلانانی دەسەڵات بەبێ بەدیلی دەستبەجێ بۆ جێگرتنەوەی دەسەڵات، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا لە حزبدا بەرجەستەیە، بۆشایەک دروست دەکات، کە ئەگەر پڕ نەکرێتەوە، خودی هێزەکانی دەسەڵات یان هەمان مۆدیلی دەسەڵاتدارێتی پێشوو بە کەمێک ئاڵوگۆڕەوە، جێگای دەگرێتەوە.

مۆدێلی دەسەڵات لە کوردستاندا حزبییە و بۆ داپۆشینی ئەو دەسەڵاتە حزبییە، حکومەت و پەرلەمان، هەن... بەڵام بێ ئەوەی خودی دەسەڵات گوازرابێتەوە بۆ حکومەت و پەرلەمانەکەی. ئەمەش ئەو جیاوازییە سەرەکیەیە کە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و مۆدێلەکەیی جیا دەکاتەوە لەهەر دەسەڵات و مۆدیلیکی تر کە دەسەڵات لە حکومەتدا بەرجەستە دەکات.

بۆیە پەرچەم و ئاسۆی سیاسی و لە هەلومەرجی کوردستاندا، بەجیا لە قەوارەی حقوقی و دەوڵەتداری... پێویستی بەوەیە، لە جێگای دەسەڵاتی حزبیدا، ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی جەماوەری جیگیر بکات و ئەلگۆی ئەو دەسەڵاتەش بەرۆشنی جیاوازی و تەنانەت دژ بەیەکیەکەی لەگەڵ دەسەڵاتی مەوجوددا نیشان بدات. پشت بەستن بە دیموکراسی ڕاستەوخۆ و لەخوارەوە لەجێگای دیموکراسی نوێنەرایەتی ناڕاستەوخۆی لەسەرەوە، ئەو ڕێگایەیە کە دەتوانێت کۆتایی بەدەسەڵات لەهەر کارگەو گەرەک و شار و شارۆچکەیەک بهێنێت. لە شوێنی کاردا وەرێخستنی کۆبونەوەی گشتی کارگە و، لەگەرەکەکاندا کۆبونەوەی گشتی گەرەک و هەڵبژاردنی نوینەرانی ڕاستەوخۆ تیایاندا، ئەلگۆ و نەریتێکی تەواو جیاوازی دەسەڵاتدارێتیە. ئەم جیاوازی دەسەڵاتدارێتیەش پشت بەستوو بەدوو پەرچەمی سیاسی جیاوازو دژ بەیەکن. یەکەمیان نەریتی بۆرژوازی و بان ئیرادەی جەماوەری و حزبی و پەرلەمانییە و ٣٠ ساڵە لە کوردستان پیادە دەکرێت. سەرچاوەی کێشەو موسیبەتەکان و پاشەوپاش گەرانەوەی کۆمەڵگەی لەهەموو بوارەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی و تەنانەت کەلتوری بەدوای خۆیدا هێناوە... نەریتی دووەم و بەرامبەر کە نەریتی پشت بەستن بە ئیرادەو خستنە گەڕی توانایی لە خوارەوەی جەماوەرییە، نەریتی بزوتنەوەی کرێکاریی و سۆشیالیستیە، ئەم نەریتە ئەو پەرچەمە سیاسیەیە کە دەتوانێت بەها بۆ تاک و کۆمەڵە، بەها بۆ سیاسەت و ئینسان بگێرێتەوە، ئەزموونی کۆمۆنە و شوراکان" سۆڤیتات" لە روسیای سەرەتای شۆرشدا، یە...

بزوتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکاریی و جەماوەری لە کوردستاندا، بەبێ ئەوەی دەست بۆ نەریتە ببات و ئەو پەرچەمە سیاسییە بەدەستەوە بگرێت بەشوێنێک ناگات.

ڕێکخرابوون و یەکگرتووبوون، کۆڵەکەی سەرەکی دەست ڕاگەیشتنە بەو پەرچەم و ئاسۆ سیاسیەیە، کە رەسمی دەسەڵات و کۆمەلگەیەکی تەواو جیاواز لە دەسەڵاتی بۆرژوازی دەکات.

بەدەستەوە گرتنی ئاسۆ و پەرچەمی سیاسی و زاڵکردنی بەسەر بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی ناو کۆمەڵگەدا، بەبێ ڕێکخراوەی سیاسی و میدیا و ڕاگەیاندنێکی کارا... لە مەحاڵ نزیکە. بۆرژوازی بەجیا لە میدیا و دەسەڵاتی سیاسی، خاوەنی ئازادییەکی تەواو و ڕێکخراوەی حزبی و هاوکات خاوەنی دەیان و سەدان یەکێتی و نەقاب و ڕێکخراوەی جەماوەری و پیشەییە... لە کرێکاران و مامۆستایانەوە بۆ هونەرمەندان و ئەدیبان، ئەندازیاران و پزیشکان، خوێندکاران و لاوان، وەرزشکاران و ژنان، خانەنشینان و ...تاد... لەناو هەرکام لەو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریانەشدا، کادری ڕاسپێردراوی خاوەن ئەرکی حزبی یان فراکسیۆنی حزبی هەن... کە ئەم یەکێتی و نەقابەو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیانە ئاسۆدار بە سیاسەت و بەرنامە و نەخشەکانی خۆیان دەکەن و داهاتی خەیاڵیش دەخەنە بەردەستیان و لەم ڕیگایەوە ئاسۆی سیاسی خۆیان بەسەر کۆمەڵگە یان بەشی زۆریدا زاڵ دەکەن.

بزوتنەوەی سیاسی و نەیار بە بۆرژوازی و رەوتە سیاسیەکانی، کە خاوەنی نەریت و ئاسۆ وئامانجێکی ترن و ئیلهام لە بزوتنەوەو خەباتی چینایەتی کریکاران وەردەگرن، بەبێ ئەوەی خاوەنی ڕیکخراوەی حزبی بن لە چەشنی کۆمیتە کۆمۆنیستەیەکان و بەبێ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لە بزوتنەوە جەماوەریەکان و ڕێکخراوەکانی بگێرن و خاوەنی میدیایەکی تیژی ڕەخنەگرانەی کۆمۆنیستی دژی بۆرژوازی بن، ناتوانن کارایی خۆیان و لە ئاراستەکردن و زاڵکردنی ئاسۆی سیاسیدا بگێرن. ڕاستە بۆرژوازی کاتێک دەکەوێتە بەردەم ناڕەزایەتی جەماوەری و خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات دەبێت پرسی ڕۆژ، ڕێکخراوەکانی بۆرژوازی توانای بەرگری و زەمینەی خۆراگریان لاواز دەبێت، بەڵام دیسان بۆ ڕێکخراوە سیاسی و چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەم ئەرکی ڕێکخراوبوون و یەکگرتووکردنەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و میدیایەکی کارا، کەم ناکاتەوە.

لەم نێوەدا ڕۆڵی حزبی سیاسی و میحوەرییە... ڕاستە کریکاران و توێژە بێبەشەکان لە شوێنی کاریاندا، خاوەنی ڕابەرانی خۆیانن و جۆر و ئاستێک لە ڕێکخراوبوونی ناچاریان هەیە، بەڵام ڕێکخراوبوونی سیاسی کریکاری و ڕێکخراوەی جەماوەری و پیشەیی، کە حزبێکی سیاسی لە پشتیەتی و مۆتۆری جوڵەو ئاراستەکردنیەتی تەواو جیاواز لە ڕێکخراو بوونی خۆرسک و خود بەخودییە.

کۆمیتەیەکی حزبی یان کۆمیتەیەکی کۆمۆنیستی، کە خاوەنی ڕابەرانی ناسراو و جیگا متمانە بێت دەتوانێت لە هەلومەرجی راسانی جەماوەریدا، لە دروست بوونی هەر بۆشایەکی سیاسیدا لەهەر کارگە، کارخانە، گەرەک، شارو شارۆچکەیەکدا، دەتوانێت جڵەوی بگرێتە دەست و جەماوەر ئاراستەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەو شوێنە بکات. لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا ڕاماڵینی دەسەڵات، ئەگەر ڕاستەوخۆ یەکسان نەبێت بە جێگرتنەوەی بەدەسەڵاتێکی دی، و ئامادەکردنی هێزی بەرگری، ڕاستەوخۆ دەسەڵات بەزووی بەزۆر چەک توانای گەڕانەوەی هەیە. ئەوەی لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەدا لە سەید سادق ڕوویدا نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو ڕاستیەیە. ڕاماڵینی دەسەڵات لەگەڵ روخاندنی حکومەتێک دوو شتی تەواو جیاوازن.

دەسەڵاتی سیاسی ئەگەر لە حکومەتدا



## پرسی ژن ؟

**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماووری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،**

**ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..**

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# ئایا ئافرەت لاوازە؟

**نووسینی: ڕەوەیدا ئەکرەم**

لە سەرەتایی شارەستانیەوە تاکو ئێستا ئافرەتان شان بەشانی پیاوان لەهەموو لایەکەوە کاریان کردووە. لەکۆنەوە ژنان بەجیا لەوەی لەگەڵ پیاوان کاری ڕاو و جەنگی لە ئەستۆ گرتبوو و هاوکات کاری کۆکردنەوەی خۆراک و ئەنجامدانی کاری ئاسایی ڕۆژانە لە ئۆردوگاکاندا لە ئەستۆبووە. کاری پیاو بە سروشت نزمتر بووە، چونکە ئافرەتان بە حوکمی پێکهاتەی تایبەتی جەستەی ناچاربوون لەیەک شوێن نیشتەجێ ببن و منداڵ پەروەردە بکەن. گرینگترین کار لە ڕێگەی ئافرەتانی نیشتەجێی ماڵانەوە ئەنجامدراوە نەک لە ڕێگەی ڕاووشکاری پیاوانەوە، ئامادەکردن و دابینکردنی خۆراک کە گرینگترین، بنەڕەتیترین و کۆکترین پێداویستی مرۆڤە لەلایەن ئافرەتەوە ئەنجام دراوە. بەڵێ ئافرەتان پتەوترین ڕۆلی کۆمەڵایەتیان لە ئەستۆدا بوو، کە بریتی بووە لە کار و هاوشانی ئەوەش کۆکردنەوە و دابینکردنی خۆراک و ئازووقە لەو قۆناغەدا کە ڕاو و شکار هێشتا جارجار بەرێکەوت ئەنجام دەدرا و پیاوان زۆربەی کات بەدەستی بەتاڵ دەگەڕانەوە. کۆمەڵ بەو خۆراکە دەژیا کە لەلایەن ئافرەتانەوە کۆدەکرایەوە. ئافرەتان وێڕای پەیداکردنی خۆراکی ڕۆژانە، ئەرکی پاشەکەوتکردنی خۆراکیان بۆ ئایندەش لە ئەستۆدا بووە. بەمجۆرە دەردەکەوێ کە بڕبڕەی پشتی کۆمۆنە سەرەتاییەکان ئافرەت پێکیهێناوە. ئەمە تەنیا سەرەتا و دەستپێکردنی کاری ئافرەت بوو. پێویست ناکات لێرەدا بەدوای بەڵگەیەکدا بگەڕێین بۆ سەلماندنی ڕۆلی ئافرەت لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا. وەختی پیاوان سەرگەرمی گەڕانبوون بەدوای گیان لەبەران و ڕاووشکارەوە، ئافرەتان سەرگەمی بەرهەمهێنانی وەک: چەرم، ئامان، قاپ، قاچاخ و کوخ دروستکردن و پیشەی دەستی لەبوارە جیاکاندا بوون وەک:بەنایی، پزیشکگەری و پەرەپێدانی جۆرەکانی زانست. لە کاتێکدا هەوڵ و کۆششی ئافرەتان لەبواری زەوی کێڵاندا بە ئامێری سەرەتایی بەرە بەرە گۆڕا بۆ پەیدابوونی کشتوکاڵی.

ئافرەتان لەلایەکی دیەوە بەرێگەی ماڵیکردنی گیان لەبەرانەوە گەیشتنە قۆناغی ماڵاتداری ئەم پێشکەوتنە سەرەکییانە، نەک هەر پایەی شارستانیەتی دامەزراند، بەڵکو پیاوانیش لەکۆت و زنجیری ڕاو وشکار ئازادکرد و دەرفەتی بۆ ڕەخساند کە بەرە بەرە بەشداری شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان بکەن و لە ئەنجامدا دەسەڵات وەربگرن. کەواتە هەر ئافرەتان بوون کەوەکو یەکەمین زانایان، پەرستاران، مامۆستایان، ئاڵاهەلگرتنی کەلەپووری ڕۆشنبیری و پیشەیی گرینگترین ئەرکیان لە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا لە ئەستۆ بووە نەک پیاوان. گەورەترین هەڵەیە ئەو کەسانەی کە کوێرانە لایەنگری لە ڕەگەزی نێرینە دەکەن، ئەوەیە کە سەرلەبەری ئەرکە قورسەکانی ئافرەتانی چینە سەرەتاییەکان بەو کارە بچکۆلانانە دەشوبهێنن کە مالەوە ئەنجامدەدرێ.

لەسەردەمی ئێستاشدا بەتایبەتی لە کوردستان ئافرەتان شانبەشانی پیاوان لە هەموو بوارەک کار دەکەن و شوێنی پەنچەیان دیارە هەر لە بواری پەروەردە، تەندروستی، سیاسی، هونەری، سەربازی بگرە لە کارگە و کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی تەیارە و سەیارە ئافرەت ڕۆلی سەرەکی دەبینی یەکێک لەوانە کۆمپانیای" لامۆرجین، بیجۆ، ئەمریکۆڵ و...هتد." وە چەندین ئافرەت بە کاری چنین و دوورمان و دەستی خۆی بژێوەی خێزانەکەی دابین دەکات، دووکان و براندی تایبەت بەخۆیان هەبێت وەکو براندی (چۆپی دیزانیس، H&I design، ڕۆزە دیزاین،    MoMo Academy)و چەندی تر. جگە لەوەش ئافرەت ئەرکی ماڵ و منداڵیشی لەسەر شانە، ئەگەر تەماشای ئەرکەکانی سەر شانی ئەو دوو ڕەگەزە بکەین بە شێوەیەکی گشتی دەبینین زۆر لەیەکەوە نزیکە. ئەو جیاوازییەی کە هەیە تەنها لە دەروازەی گونجاوی شیاوی یەکێکیانە زیاتر لەوەی تر بۆ هەندێ کار، ئەویش دەسەڵاتی چینی باڵا دەست دای سەپاندووە. گونجاوی و شیاوی ئەوەی تریانە هەروەها تەماشاکردنی هەردوو ڕەگەز بەیەک چاو، چونکە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا یەکسانن، هیچ یەکیان لە بنەمای مرۆڤایەتی لەوی تریان زیاتر نییە، هیچیان ڕێز و فەزلی بەسەر ئەوی تریانەوە نییە،

تەنانەت کاتێک ئافرەتێک خۆی دەکوژێت پێی مەلێ لاوازە، چونکە کەسی نەبووە گوێی لێبگرێت، غەمەکانی کەم بکات، هەمان مامەلەی پیاوێکی لەگەڵدا بکرێت، وە ناچار بەوەکراوە کەدەست بۆ خۆکوژی ببات بەوێنەی بەرگرییەک و ڕەتکردنەوەی زوڵم و زۆر و ستەم، کەدیارە ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی سلبییە... لەجیاتی دەست بردن بۆ خۆکوژی، ژنان پیویستە بە ورەو بڕوا بەخۆبوونەوە بۆ کۆتاییهێنان بە بیمافی و زوڵم خەبات بکەن و  لەبەر سۆز و عاتیفەی باڵای ئافرەتان،  ئافرەتان بە لاواز دەرمەخەن! بوونی سۆز و عاتیفەی زۆرتری ژن، سەرمایەکی گەورەی ژنانە و پیویستە ئەو بەهایە بەرز بنرخێنرێت، نەک وەکو لاوازی نیشان بدرێت. بۆیە پێویستە واز لەو ئەقلیەتیە کۆنە بهێنن بلێین ئافرەت لاوازە و بێ دەسەلاتە! ئەو کارەی بە ئافرەت دەکرێت پیاو پێی ناکرێت، چونکە لەگەڵ هەموو سەختیەکانی ژیان و کارکردنیدا لەهەموو بوارەکاندا، ئافرەت دەبێت بەدایکیش.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە،  سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بیاتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستییژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێل و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا

# دەمە تەقێ

## گفتوگۆیەکی هیوا سالّح لەگەڵ کاوان قادری هونەرمەند

**هیوا سالّح: سڵاو هاوڕێ کاوان قادر ئەمڕۆ هەموو شاهیدی بەرەنگاربونەوەیەکی خوێناوی بووین. خۆپیشاندانێکی گەرمی شەقام بووین لە کوردستان، تۆ وەک هونەرمەندێکی پەیکەرساز چیت پێ یە یاخود بەشێوەیەکی تر بڵێم هونەرەکەت چی دەورێکی هەبوو بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران، ئێمە ئاگادارین لە ڕابردودا کارە هونەرییەکانت بەگشتی شۆڕشگێڕانە و ڕەخنەگرانە بووە، بەڵام ئێستە چی؟ کوا دەورو نەخشت بەتایبەتی لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا؟**

**کاوان قادر:** هاوڕێ گیان سوپاس بۆ سەرنجەکەت ئەوە ڕاستە کە لەم دەورەیەدا کەمتر کاری هونەری پەیکەرسازی دەکەم، بەڕاستی هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵیم لەگەڵ ڕادیۆی پێشەنگدا، ٦ مانگ بەر لە ئێستە ڕادیۆی پێشەنگ پاش ئەوەی دەورەیەکیان کردەوە بۆ فێربوونی بێژەری، بەباشم زانی لەو هەلە سود وەربگرم ئەو دەورەیەم وەرگرت. خۆشبەختانە بەسەرکەوتوویی تێپەڕی، هەڵبەت زۆر لە مێژە خۆم ئارەزووی شیعرو ئەدەبیاتم هەیە، بۆیە بڕیارم دا دوای کۆتایی دەورەی بێژەرییەکە لەگەڵ ڕادیۆی پێشەنگ کاربکەم، کە بۆ من هەمان ئەو چێژە هونەرییە دەبەخشێ کە وەک خولیایەک و ئارەزوویەک چێژی لێ وەردەگرم، لە لایەکی ترەوە هەستم کرد ئەوە من نیم ئەو مەیدانەم هەڵبژاردبێت، بەڵکو ئەوە پێویستی مەیدانەکەیە منی هەڵبژاردووە، کاتێک باس لە سیاسەت دەکەم لە ڕێی هونەرەوە، بەو بڕوایە گەیشتم کە پەیوەست بوونم بە ڕادیۆی پێشەنگەوە وەک بێژەرێک و تەکنیککارێک کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی زیاتری دەبێت لەم وەزعەدا، لێت ناشارمەوە هونەر ئەو هاوڕێ دێرینەیە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لەگەڵما گەورەبووە، ئەگەر کەسێک من بناسێت بەهۆی هونەری پەیکەرسازییەکەوەیە، هەرگیز نامەوێت فەرامۆشی بکەم دڵنیات دەکەمەوە کات بۆ ئەویش تەرخان دەکەم و بەردەوام دەبم، ئەوەش بزانە ئێمە هەموو ئەو باکگراوندە ئیستاتیکیەی لە هونەرەوە فێری بووین کاریگەری لەسەر هەموو ڕوویەکی ژیانمان هەیە لەسەر هەموو چالاکییەکانمان، بەو هۆیەی لەو جیهانە هونەرییەدا دەژیم و ئارەزووم بۆ ئەدەب زۆر ئاسانکاری بۆ کردم کە بچمە دنیای بێژەرییەوە. جێگەی خۆیەتی کە بڵێم لەڕێگەی ڕادیۆوە بەخوێنەوەی شیعری شۆڕشگێڕانەو تراکتی سیاسی و ئەو وتار و باسانەی لەپەیوەند بەو خۆپیشاندانانەوە کە باسیان دەکەیت دەورێکی زۆر ئیجابیمان هەبووە لە خۆپیشاندانەکاندا، ئەوەش بڵێم هەروەها کارکردنم لەگەڵ بڵاوکراوەی بۆپێشەوەدا لاپەڕەی (هونەرو ئەدەب) سەرپەرشتی دەکەم، ئەویش بەجێی خۆی کارێکە پێویستە و لەو مەیدانەشدا بووین. بۆپێشەوە لاپەڕەیەکی ترە و سەکۆیەکی ترە لە نەخشەدانان بۆ باشتر کردنی ژیانی ئینسانەکان، بۆ هەموو ئەو بەشانە (سیاسەت وهونەرو ئەدەب و ڕادیۆ ) تەنها ٪٥ ژیانی خۆتی بۆ تەرخان بکەیت



هێشتا بە زۆر مەیدانی تر ڕادەگەیت و هێشتا کاتت زیادەیە، سەرەڕای کارکردن بۆ ژیانی ڕۆژانە، کاتێک تێڕوانینم بەو جۆرەیە کە ناکرێ لە ستۆدیۆکەتەوە خەڵوەت بەدیار کارێکی هونەرییەوە بگریت، لەکاتێکدا ئەو هەموو مەیدانە زیندوو کاریگەرەش هەیە و پێویستی بە کەسانی وەک من و تۆ هەیە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر دوای ژیانێکی باشتر دەکەیت دەبێ و ناچاریت قوربانی بۆ بدەیت، هاوڕێ گیان لەم ڕۆژگارەدا من و تۆ ئەوە دەزانین سۆشیال میدیا چەند تێکەڵ بە ژیان بووە و میدیا چەند بە خێرایی کاریگەری لەسەر ژیانمان هەیە. من ئەمڕۆ ئەمەوێ شانبەشانی خەڵکی بەشمەینەت شەڕی نان بکەم، شەڕی ئازادی بکەم ئەگەر بمەوێت ئەو دەنگە بم؟! میدیا یەکێکە لەو ڕێگە فعال وخێرایانە بۆ بیستنی ئەو شتانەی نەبیستراون، جیڤارا کە دکتۆر بوو وازی لە پیشەکەی هێنا و چووە ڕیزی شۆڕشگێڕە کوبابییەکان پێی وابوو بەو ڕێگەیە زیاتر خزمەت دەکات. بەلای منەوە ئەوە سوننەتێکی جوانەو هەقی چاولێکردنی هەیە، لەو کوردستانە هەزاران نمونەی وامان هەیە، کەم نین ئەوانەی دەستبەرداری بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بوون دژ بەم کۆمەڵە مافیا سەرمایەدارە وەستاون کە تەنانەت دەستدرێژی بۆ سەر سفرەی خاڵی کەم ئەندامێکیش دەکات، ئەو هاوڕێیانە تێدەکۆشن خەبات دەکەن لەسەر حساب و ژیانی خۆیان بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی خەڵک. هاوڕێ گیان ئامانجی من هونەرەکە خۆی نی یە، بەڵکو لای من هونەر وەسیلەیەکە بۆخزمەت کردن بە ژیانی ئینسان بە بزوتنەوەیەک کە بۆ ژیانێکی باشتر تێ دەکۆشێت، لە هەر شوێنێک ڕێکخستنی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش هەبێت دەبێت لەوێ بین، دەی منیش ئەو ماوەیە بێ دەنگ نەبووم ئەو کارانەم کردووە، پاشان با لە یادمان نەچێت خوێنەوەش خۆی لەخۆیدا شێوەیەکی ترە لە هونەر، بڕوانە لەو کۆمەڵگەیەدا هەموو بزوتنەوەیەک قسەکەر و زمانحاڵی خۆی هەیە، هەر لە ئیسلامییەکانەوە بگرە تا ئەوپەڕی ناسیونالیزم، میدیا و تەلەفیزیۆنی هەیە، ئەوە کرێکارانن بێ بەشکراون، دەنگیان کپ کراوەتەوە ئەمڕۆ لەهەرکات زیاتر پێویستە ئەو دەنگە ببیسترێت، لەو مەیدانەدا هەوڵ ئەدەم ئەدەبیات و هونەری شۆڕشگێڕانەش پەرە پێ بدەم، ڕادیۆی پێشەنگ ئەو دەروازەیەی بۆ من کردۆتەوە بۆچی نا؟ تاقە دەنگێکە کە من پێم وایە دەبێت دەستی پێوە بگرین و دەستخۆشیان لێ بکەین، بەڕای من هەرکەس لە هەرشوێنێ کاریگەری زیاتری هەبوو پێویستە سەنگەرەکەی بۆ ئەو شوێنە بگوازێتەوە...



# ئێمە، چەند میللەتێکی دەبەنگ و دەڵب و فشۆڵین!

### ئارام حەسەن

لە کاتێکدا خۆمان کەرەستەی گاڵتەجاڕی و مەزەی سەر مێزی ناحەزانی خۆمانین، کەچی وەک ئەوەی لە تۆوی فشە خولّقابین گاڵتە بە هەموو شت دەکەین، لە هەر کڵاوڕۆژنەیەکەوە تروسکایی مرۆڤێکی جوان دەرکەوێ بە تۆپەوانە دەیخنین، لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دەدەین و کەڵبەی گاڵتەجاڕیمانی لێدەسووین..

یەکەمجارە مرۆڤێکی جوان و خاکی ببینم، کە کوردبێ و پیشەی دکتۆربێ !

لەم ڕۆژگارەدا، کە ژیان وەک تەونی جاڵجاڵۆکەی لێهاتوە... بەهۆی نەبوونی و نەدارییەوە پیرەژنێک...

چەند هێلکەیەک لەبری پارەی عیادە دەبات بۆ دکتۆرێک لە گەرمیان، دکتۆریش بە خۆشحاڵیەوە لێیوەردەگرێ و پشکنینی بۆ دەکات..

بڕوانن لەو جوانییە، چەند مریشکێک بێننە بەرچاوی خۆتان، پیرەژنێک بەخێویان دەکات، بەیانیان هێلکە لە کولانە دەردەهێنێ، بە هێلکەوڕۆن ناشتا دەکات، ڕەنگە بەشی دراوسێ هەژارەکەشی لێبدات، بەڵام کاتێک نەخۆش دەکەوێ، پارەی نیە بۆ دکتۆر، چەند هێلکەیەک لەگەڵ خۆی دەبات، هەتا دووچاری پاڕانەوە نەبێت لە مرۆڤ ..



دکتۆر واثق

زۆر دڵخۆشم بەوەی، کە هێشتا لەم وڵاتە پچڕاوە، پیاوێکی دکتۆر و پیرەژنێکی نەخۆش مرۆڤبوونی خۆیان لەدەستنەداوە، بەڵام ڕەشبینم بەوەی، لەبری دەستخۆشی لەو دکتۆرە جوانە، کوردگەلێکی زۆر لە تۆڕی کۆمەلایەتی گاڵتە و سووکایەتی پێدەکەن..

خۆ ئەگەر (دکتۆر واثق)یش وەک دکتۆرە فشەکەرەکانی دیکە، توورە و ترن و لوتبەرز و گرژومۆن بوایە، بە چاکەت و پانتۆڵ و بۆیباخەوە لەسەر ئەو نەخۆشە قسەی کردبا و لەبری چەند هێلکەیەک 100دۆلاری وەرگرتبا، ئەوە کەس نەیدەوێرا ناوی بێنێت، بگرە ستایش دەکراو ریکلامی باشترین دکتۆریان بۆدەکرد..

ئەگەر بەندەش، دەسەڵاتێکی خوداییم هەبا:

* سێبەشی خەڵکی باشورم لە دەشتی هەریر بە تاوانی "گەمژەیی" دادگایی دەکرد.

* بونیەتی 96%ی دکتۆرەکانی باشورم دەگۆڕی بۆ گورگ، ئەنجا ڕەوانەی ئەمازۆنم دەکردن، چونکە خوێنمژیی هەر خوێنمژیە و ئەوانیش کەمترنین نیە لە دەسەڵاتدارانی ستەمکار.

پەخشان

# لوتفییە



نووسینی: عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)

لوتفییە، ئێستاش لە یادمە کە بەردەرگای ماڵت گسک دەدا و دوایش سۆندەت لە بۆڕییەکە دەخست و ئەو بەردەمەت ئاوڕشێن دەکرد، دڵی من فێنک دەبۆوە. ئەو کاتەی کە نیوەڕوانان دەهاتیە دەرەوە و بە بیانووی فڕێدانی زبڵ سەرەتاتکێیەکت لەگەڵ دەکردم و بە پێکەنینێکەوە وەک ئاماژەی خۆشەویستی ئاوڕێکت لێم دەدایەوە و ئینجا توند دەرگاکەت لەدوای خۆتەوە دادەخست و منیش تەواوی پەنجەرەکانم لەسەر ئەو ساتە عەشقەت کڵۆم دەدا. لوتفییە تۆ نەتدەزانی من چۆن ئۆقرەم لێبرابوو و بێپەروا بە من بووایە چاوم لەسەر دەرگای ماڵەکەتان بوایە. ئەزانی لوتفییە چەندینجار ئیرەییم بردووە بە عامودی بەردەرگای ماڵتان، ئەی ئەزانی چەنجار خۆزگەم خواستووە ببمە باڵندەیەک و لەسەر تەلی عاموودەکەوە و لەو بەرزییەوە تەماشات بکەم کە چۆن لەناو حەوشە و بەرهەیوانەکەتان دێیت و دەچیت. لوتفییە من سات لەدوای سات نزیکتر دەبوومەوە لێت و هەستم ئەکرد تۆش وەک مەلەوانبازێکی شارەزا خۆت ڕووت دەکەیتەوە و ئینجا خۆت فڕێ دەدەیتە نێو دەریاچەی ئەوینم. بەڵام وەکچۆن خەون بێت، دابونەریت و کلتووری کۆنی ژیان دەبوونە زنجیری دەست و پێی حەز و ئارەزووەکانمان. لوتفییە ئەمڕۆ کە چل ساڵی ڕەبەق بەسەر لەدایکبوونی خۆشەویستیماندا تێدەپەڕێت، من هەر بە لوتفی تووەم و چاوم هەر لە لوتفی تۆیە. ئەزانم ئەگەر ئەم قسانەم ببیستیت، یان منداڵی کوڕەکەت بۆت بخوێنێتەوە، سەرەتا بەعەقڵم بێدەکەنی وەک ئەوەی هەر هەرزەکارەکەی جاران بم، بەڵام دوایی دەچیتە ژوورێک و تێر تیر دەگریت و وێنەیەکی من لە ئەلبومی دڵتدا دەردەهێنیت و قسەی لەگەڵ دەکەیت و سەرزەنشتی دەکەیت بەوەی کە بۆ نەهات بۆ خوازبێنیت و بۆچی لە پڕێکدا و بۆ یەکجاری ون بووم. لوتفییە ئێستا سپیایی کەوتۆتە نێو مووەکانی برۆ و قۆڵ و مەچەکم. ئێستا نەک وەک جاران ناتوانم بەسەر عاموودی خەیاڵا سەربکەوم و لێت بڕوانم، بەڵکو بەدەم ئێشکردنەوە سووکە پشت ئێشەیەکیش ئازارم دەدات. داخم ناچێت لوتفییە کە پێکەنینەکانتم ون کرد، سەرەتاتکێکانتم لەدەست چوو، ئاماژەکانی عەشقی تۆم وەک ئاوێنەیەک لەدەستم بەربۆوە و ورد و خاش بوو. لوتفییە خەتای من نەبوو، دۆخێک زروفێک، ناچارییەک بەم چارەنووسییەی گەیاندم. لوتفییە ئەزانی ئێستاش کە لەبەردەم ئاوێنەدا ڕیش دەتاشم، تۆ لە ئاوێنەکەوە دەمدوێنی. تازە لوتفییە من و تۆ ڕۆیشتین و هەرگیز بە خەونیش ناگەین بە یەک. (گەرچی لە ڕابردوودا دەیانجار لە خەونمدا ئاوێزانی یەکتر بووینە)، تازە ئیتر لوتفییە بووی بەسەراب، بەڵام عەشقەکەت خوێنە لە دڵمدا و بە بزە و خەندەکانی جارانت دەژێم. دواجار لوتفییە من خۆم بەبەختیار ئەزانم کە ئێستاش تۆم لە دڵدا هەڵگرتووە و کاتێکیش ئەمرم عەشقی تۆم لە دڵدا فیچقە دەکات. ئای لوتفییە خۆزگە ئەمزانی تۆش منت لەبیر ماوە یان مەینەتییەکانی ژیان هەموو شتێکی لە یادەوەریتدا سڕیوەتەوە؟....

**ئەیلوولی ٢٠٢٠**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# قسەی من بۆمردویەك



هەموو شتێکم لەسەر خۆت بۆ بنووسە
بەیانیان کەی لەخەو هەڵدەستیت
کاتێك دەچیتە بەر ئاوێنەکە
بیر لەچی دەکەیتەوە
لەخۆت دەپرسیت ئەرێ ئەمڕۆ چەند شەمەیە
لەسوچێکی پەنجەرەکەوە
سەیرێکی دەرەوە دەکەیت
تابزانیت بارانە یان هەورێکی قایم بەڕێگەوەیە

بۆم بنووسە وەك جاران ئۆڤەر تایم
کار دەکەیت
بیرلەعوتڵەیەکی هاوینە دەکەیتەوەو
خۆت بۆسەفەرێکی ناوادە ئامادە دەکەیت
حەزت بەخوێندنەوەی
شیعرەکانی نزار قەبانیە
یان داڵغەت هەر لای مەحمود دەروێشە
بۆم بنووسە کەدەڕۆیت بۆگۆڕستان
ماتەمینیەکی نەرم و شل دادەگرێت
نووسینی سەر کێلەکان دەخوێنیتەوە
لەبەرخۆتەوە شتێك ئەڵێیت

کەهیچ کەسێك
لێت تێناگات
بەزۆری بەزەیت
بەکام مردوەدا
دێتەوە
ئەوەی لەسەر کوشتنی دیکتاتۆرێك
لەسێدارە دراوە
یان ئەوەی لەسەر دزینی نانێك
کوژراوە

هەرچیەکت بەخەیاڵا دێت بۆم بنووسە
حەزدەکەم بزانم
شەوی چەندجار ڕادەچڵەکیت
چەندجار بەمنەوە شەیتانی دەبیت
کەگوێت لە گۆرانیەکەی عەبدول حەلیم دەبێت
حاول تفتکرنی حەزدەکەیت
لەتابوتەکەت بێیتە دەرەوەو
سەمایەکی مەستانە بکەیت

هەرچی دەنوسیت بنوسە
بەس مەنوسە
خۆشم دەوێیت

**حەکیم میرزا**

# ئومێدی شێخ حسێن لە ستێجی-شانۆوە بۆ ستێجی شیعر ......!

نووسینی:جمال نوری

من کێم؟ لە کوێم! من چیم؟ بەم پوورە هەنگی پرسیارانە، کاسە سەریان خواردووم و نازانم چین! من گەروویەکی تاساوی... نێو دەقێکی شانۆ وێرانەکەی نیشتمانم! نۆتەی کەمانچەیەکی خەمبارم و تابلۆیەکی بێڕەنگ و بۆی نیشتمانم و پەیکەرێکی دەم بەستراوی ئازادییم و قەڵەمێکی دڵشکاویی غەریبیم و دوور دوور لە دەرەوەی قووتبی زەمین... بە دوای خۆم و نیشتمانمدا وێڵم و نیشتمانم نا ناسمەوەو ناشگەمەوە بە خۆم!

دەکرێت مرۆڤێک لە نیشتیمانەکەی دەرکرێت، بەڵام هەرگیز ناکرێت نیشتمان لەناو مرۆڤ دەربکرێت. "ئێریش کێستنەر".

مرۆڤ چەندێک ئەزموونی دنیا بکات و بەوپەڕی کراوەییەوە بچێتە نێو جیهانەوە، هێشتا ناتوانێت دەستبەرداری ئەو ئەندێشەیە بێت کە بێ پچڕان لەناو ڕۆحیدا دەبزوێت، ئەندێشەی گەڕانەوە بۆ دەستپێکی دەرچوونی ئەو بۆناو جیهان، یان دروستتر بڵێم ئەوەی ئەو لەکوێوە هاتە دنیاوە و چۆن بتوانێت بۆی بگەڕێتەوە.

"ئۆدیسە" دوای ئەو گەشتە وێڵئاراییەی بە دەریادا بۆ دەرەوەی گریک کردی دواتر هەر گەڕایەوە بۆ خاڵی دەستپێک، بۆ ماڵەوە.

"مەولانا خالیدی نەقشبەندی" دوای ئەو گەشتەی بەرەو خۆرهەڵات دواجار بە مەشقێکی ڕۆحانی نویوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ نیشتیمان، ئەگەرچی ماڵەوە هێندە خراپەیان لەگەڵدا کرد کە ناچاربوو ئەمجارەیان خۆنەویستانە لێی هەڵبێت.

"نالی" "*١چەندیک دوورتر دەکەوتەوە لە نیشیتمان پرسیاری ئەوەی لە سالم دەکرد، ئاخۆ کەی بێت بگەڕێتەوە؟

نالی شاعیر کاتێک لەدەستی ئەو دۆخەی نیشتمان دووچاری بووە کە سلێمانی بەجێ دەهێڵێ و دەگاتە ئەستنەبول،

لەو ماوەیەدا میرنشینی بابان دەڕووخێت و، دەنگوباسی ڕووخانەکەی پێدەگات، هەست دەکات خۆشیەکەی سلێمانی نەما، حەبیبەنەما، دۆست و ئەحبابەکانی وەکو جاران نەمان، سوپاکەی ئەحمەد پاشا تیاچوو، سوپای ڕۆمی جێیانی گرتەوە، (سالم)*٢یش نەک هەر هاندەری نابێت کە بگەڕێتەوە سلێمانی، بەڵکو و تکای لێدەکات نەشگەڕێتەوە، وەکو و لە قەسیدەکەیدا دەڵێت:

توخوا بڵێن بەو حەزرەتی نالی

دەخیلی بم بەو نەوعە نەکا

بەسولەیمانییا گوزەر

نالی نائومێد بووەو بەناعیلاجی رووی لە ئەستەنبول کردووە.

ئومێدی شێخ حسین، پێشتر وەک هونەرمەندێکی دیارو ناسراوی نێو شانۆو دراما پێویستی بەهیچ ناساندێک ناکات لەم ڤیگەرە، بەڵام دوای هەڵکەندنی لەنیشتمان و گیرسانەوەی لەوڵاتی سوید، ناوبەناو لێرەو لەوێ دەقی شیعری، ئومێد دەبینین، هەڵبەتە دنیای غەریبی و ژیانی غوربەت کاریگەری بەسەر ئومێدەوە هەیە، ئەو دنیایەی کاکە ئومێدی تیادەژی هەندێک ئاستەمە بۆ ئیشی شانۆیی و دراما ، گەر بوارەکەش بڕەخسێت بۆیان ئەوا پێویستی بەسپۆنسەری هەیە بۆ بەبەرهەمهێنانی ئەو کارە هونەریە، بۆیە ئومێد کاتێک ڕووبەڕووی ئەم ئاڵنگاریانە دەبێتەوە و ناتوانێ تەحقیقی خەونەکانی بکات، لەوڵاتی غوربەت ڕوودەکاتە دنیای شیعر، هەڵبەتە وەزیفەی شیعر گەیشتن نییە بەمەرزوبومێکی دیاریکراو، بەڵکو، شیعر

خودی ڕێگاکەیە،

شیعر خەریکی چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو مانیفێستکردنی دیوە شاراوەکانی کێشەکانە.

شیعر دەستبردنە، بۆ بڤەو حەرام و نەوتراوەکان

شیعر دۆزینەوەی کیشوەری تازەیە، نەک حیکایەتی گێڕانەوەی ئەم کیشوەرەی تێیدا دەژین.

بەم پێودانگانە بێت، دەبێت شیعر پڕمان بکات لەکەڵکەڵەی پرسیار

شیعر بۆ ئومێد پڕی دەکات لەپرسیار وەک پورەی هەنگ لەهزریا دێت و دەچێ .

وەک لێرەدا دەڵێ..

کێم؟ لە کوێم!

من چیم؟

ئەم پوورە هەنگی پرسیارانە،

کاسە سەریان خواردووم و

نازانم چین!

ئومێد ئەگەرچی دوورە لەنیشتمان، بەڵام دالغەی هەرلای نیشتمانەو تاوەکو بەسەری بکاتەوە بە ڕێگای شانۆوە غەمەکانی نیشتمان لەکۆڵ بنێ.

بەڵام کاتێک دەبینێ لەغەریبی دایە و بەئاسانی ناتوانێ دەست لەملانێی نیشتمان بێت.

وەک لێرەدا دەڵێ

من گەروویەکی تاساوی

نێو دەقێکی شانۆ وێرانەکەی نیشتمانم

کاتێک ئومێد دەلێ من گەروویەکی تاساوی نێو دەقێکی شانۆ وێرانەکەی نیشتمانم، بەڕوونی پەنجەی خستۆتە سەر ئەو زامە قوڵەی کە عەیامێکە دەیچێژێ، کاتێک دەبینێ شانۆ، ئەو درەختە ڕووتەی ناو نیشتمانەو بێنازکراوە و ئاوی ناخرێتە ژێر ئەم درەختەوە ئومێد خەمی ئەوە دەخوا وشک ببێ، کاتێک دەڵێ گەرویەکی تاساوم چون دەزانێ ئەو دەنگەش بەرزبکاتەوە بۆخەمی شانۆ لەدوورە دەستی لەغوربەتەوە چ سودێکی نییە و وەک تاسابێ سەرابێ دەبینێ و دەیەوێ بەرەو ئەو ئاوەدانیە دوورە دەستە بڕوات، بەڵام هەرنایگاتێ و سەراب دەبینێ. ئەو دەمەی دەڵێ

تابلۆیەکی بێڕەنگ و بۆی نیشتمانم و

پەیکەرێکی دەم بەستراوی ئازادییم، هەڵبەتە لەو غەریبییەوە هەست بە زامی نیشتمانەکەی دەکات کەچۆن گیرۆدەی عەقڵیەتی داخراوو دیماگۆجی بۆتەوە و ئازادی ڕۆژانە ئەتک ئەکرێت و لەبری بەدیهێنانی خوێن لەجەستەی ڕۆڵەکانی دەڕێژرێ. ئومێد، خوازیاری ئەوە بووە لەناو وڵاتدا بێت، تاوەکو وەک تاکێکی تەندروست هەڵبسێ بە ئەرکە ئەخلاقیەکانی خۆی و ئەوەی لەسەر شانێتی بەرامبەر نیشتمانەکەی بیکات، ئەو دەترسێ لەوەی بەنیشتمانەکەی نەگاتەوە، گەر پێشی بگاتەوە نیشتمانەکەی لەدەست دابێ یا خۆی وون ببێ.

قەڵەمێکی دڵشکاویی غەریبیم و

دوور دوور لە دەرەوەی قووتبی زەمین...

بە دوای خۆم و نیشتمانمدا وێڵم و

نیشتمانم نا ناسمەوەو

ناشگەمەوە بە خۆم ..

# سیستەمی حیزبی یان شورایی



## نووسینی: عبدالرحمن رسول

سیستەم واتە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی کۆمەڵگە بە پشتبەستن بە چەندەها یاسا و بڕیار و شێوازوجۆری تایبەتمەند کە لەڕوانگەی یاسایی و ئیداریی و کارگێڕی و پەروەردەیی و ئابووری و بازرگانی و دیبلۆماسی یەوە پشتی پێ دەبەستێت. ئەمانەش وەکو (سیستەمی کۆیلایەتی ودەرەبەگایەتی و سەرمایەداری وکۆمۆنیستی (جگە لەسیستەمی کۆمۆنیستی کەسیستەمێکی هەرەوەزکاری خەڵکی کۆمەڵگەیە)) هەریەکەشیان لەسیستەمەکانی (سیستەمەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی وسەرمایەداری) چەندین شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا هاوشێوەن، کە لە ڕێگای حیزبەکانەوە بەپشت بەستن بە جۆرێک لە فکرو ئایدیای یەکێک لەم سیستەمانە کۆمەڵگەیان بەڕێوەبردوە، لەقۆناغی پێش دروست بوونی حیزبیش لەلایەن خێڵ و عەشیرەتەکانەوە کۆمەڵگە بەڕێوەبردراوە، لەقۆناغی ئێستاداش لەلایەن حیزبەکان دەسەڵاتی کۆمەڵگە بەڕێوەدەچێت بە پشتبەستن بە فەلسەفە و فکری زانا یان شارەزایانی ئابووری وسیاسی و فکریی، کە ئەوانەی دەسەڵاتەکان گرینگی پێدەدەن لایەنگران و پارێزەرانی سیستەمی سەرمایەداریین. خودی ئایین وخێڵەکانیش پایەکی گرینگ بوون بۆ ڕاگرتن ومانەوەی جۆری سیستەمەکان لە مێژوو و لەقۆناغی ئێستاشدا، چونکە هاوکارو هاوپشتی یەکتری بوون بۆ درێژەدان بەهەمان جۆر لەسیستەم، تەنها بەلایانەوە گرینگ بووە کەپارێزەرانی سیستەمی دەسەڵات بەرژەوەندی و سوودی ئاژیتاتۆرەکانی و کەسایەتی خێڵ و ئایین بپارێزدرێت. لە قۆناغی ئێستادا بەگشتی سیستەمی سەرمایەداری تووشی قەیران و کێشەی گەورە بۆتەوە دەرئەنجام کێشە و نەهامەتی و دەردەسەری بۆمرۆڤایەتی سازکردووە بەردەوامیش لەگەڵ کێشە وقەیرانەکان ڕووبەروو دەبێت. خودی مرۆڤەکانیان بەجۆرێک کۆیلە و مل کەچ کردووە کە مێشک وهێزیان زنجیربەند کردووە، بەجۆرێک کە سەر ئەنجام مرۆڤایەتی بەناچاری لەگۆشەیەکەوە دەبێت دەست بۆ کۆتایی هێنانی کێشە و قەیرانەکانی بەرێت بەتێکۆشانی هاوپشتی ویەکگرتووانەی خەڵکی تێکۆشەری ناڕازی و کۆمۆنیست وئازادیخوازو یەکسانیخواز. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران وعێراق و تورکیا ئاژیتاتۆرەکانی دین و قەوم وخێڵ بەکردەوەی فاشیزمانەو کۆنەپەرستیانە هاناسەی ژیانێکی باشتریان ڕاگرتووە، هەرچی ئاسۆی شارستانی و مەدەنی و نوێخوازی هەیە ڕووبەڕوویی هەڕەشەی لەناوچوون دەبێتەوە، ئەم مۆدیلە ئیدارەدانە زۆر بەئاسانی لەکۆمەڵگای کوردستان بەدرێژایی دەسەڵاتداریتی حیزبەکانی کوردایەتی گەشەی پێدەدرێت و بەردەوامیش ئاکارەکان و ڕەوشت و فەرهەنگ و کردەوەکانی فاشیزم وخێڵ و کۆنەپارێزی و دژەئینسانی لە کوردستان گەشەی پێدەدرێت. واتە ئیدارەدانی حیزبیان کردۆتە مۆرانەیەک بۆ وێرانکردنی جەستەی کۆمەڵگەی کوردستان. سیستەمی حیزبی بۆتە بەڵایەک بۆتێکشکاندنی ئیرادەی تاکی هاوڵاتی بەتایبەتی گەنجان ولاوان. ئەمەش وای کردووە کە کاری سیاسی و حیزبایەتی ناشیرین و بێ ئەرزشکردووە. هەرچەندە کاری حیزبی و کەسایەتی سیاسی بەپێی باوەڕبوونیان بەجۆری فکرو بیرکردنەوەی حیزبی لەشێوازدا گۆڕانی بەسەردادێت بەڵام لەناوەڕۆکدا هەریەکە لەکادرەکانی حیزب یەک دیسپلینیان هەیە کەزۆر دڵسۆزانە پابەندن پێیەوە بۆجێبەجێکردن، ئەویش داکۆکیکردن و بەرگریکردنی ڕاستەوخۆیە لەبەرنامەو ئاکاری حیزب و ڕەتکردنەوەو بەر ڕەخنەدانی سەرجەم فکروبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازو دژبەرو ڕەخنەگرەکانی حیزبەکەیانە. هەربۆیە هەڵسوڕانی حیزبەکانی دەسەڵات بەردەوام کۆمەڵگای کوردستان دادەچۆڕێنن لەسیمای شارەستانی و نوێخوازی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و کاردەکەن بۆگەشەدانی ڕاستەوخۆی فکری کۆنەپارێزی و دواکەوتوویی و بیروباوەڕی ڕازیبوون بە یاساکانی کۆیلایەتی وچەوسانەوە و دژە ئینسانی ئامانج وکاری بەردەوامیانە. ئەمەش لەپێناوی مانەوەی خۆیانە لەدەسەڵات و نەگۆڕانی کۆمەڵگەی کوردستانە بەرەو کۆمەڵگەیەکی نوێ تر وباشتر. بەدرێژایی تەمەنی دەسەڵاتداریتی لەباشووری کوردستان بەم جۆرە ئیدارەی کۆمەڵگە دراوە لەلایەن حیزبەکانەوە کەپشت و پەنایەکی بەهێزبوون بۆ ڕاگرتن و مانەوەی سیستەم و یاساکانی خێڵایەتی و کۆنەخوازی هەر بۆیە لەتێکشکاندنی ئیرادەی تاکدا کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر کادرو ئەندامانی دەرەوەی حیزبەکانی ناو دەسەڵاتیش بەحیزبە ئیسلامی ولیبراڵ وشیوعی وچەپە وکۆمۆنیستەکانیشەوە. یەکێک لەکاریگەرییە نەرێنێکان ئەوەیە کە حیزبەکانی ئیسلامی و لیبراڵەکانی وەک بزوتنەوەی گۆڕان و زەحمەتکێشان و سۆسیالیست وشیوعی و حیزبە سێبەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان عیراق ویەکێتی نیشتمانی کوردستان هەروەک یەکێتی وپارتی ڕاستەوخۆ کادرەکانیان لەژێر ناوی خانەنشینی و فەرمانبەرەوە کرانە موچەخۆری حکومی بۆ هەڵسوڕانی حیزبی، بەمەش تەواوی ئەندامان و کادیرانیان دوورخستەوە لەپشت بەخۆ بەست وبێ ئیرادە کرد، سەرجەمیان چاوەڕوانی ئەوەیان لەحیزبەکەیان هەیە کە پارەی باشیان پێبدات بەبێ ئەوەی کاری باش بکەن. تەنانەت ئەم جۆرە کارە نایاسایییە بۆتە هۆکارێکی بەهێزو کاریگەر بۆ داڕووخانی ئابووری کوردستان بەتایبەت کەرتی کشتوکاڵی و گەشتوگوزارەوە، ئەگەر ڕژێمی فاشیزمی بەعسی دەسەڵاتداری عێراق بەجێبەجێکردنی پلانێکی زۆرەملێی دژە ئینسانی گوند و دێهاتەکانی چۆڵ کرد و ڕووخاندنی لەدوایی ١٩٩١ لەژێر سایەی دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی جارێکی تر گوند و دێهاتەکانی کوردستان چۆڵکرا ئەم جارە بەرنامەی دژە ئینسانی حیزبەکانی کوردایەتی دەسەڵات بوو بۆ وێران بوونی ئابووری کوردستان، ئەمەش بۆئەوە بوو کەخەڵکی کوردستان بۆ بژێوی ژیانی پشت بەخۆی نەبەستێت، بەردەوام چاوەڕوانی دەستی حیزبەکانی دەسەڵاتداربێت، چونکە هەرچی کادرو ئەندامی ئەو حیزبانە هەیە نایاسایی کرایە موچەخۆری حکومی، بەڵام بەبێ ئەوەی کاری حکومی بکەن، هەموولایەک دەزانن لەهیچ دەوڵەت و حکومەتێکدا نییە کەبەم جۆرەی کوردستان حیزبەکان ئیدارەی کۆمەڵگە بکەن و هەرچی داهاتی زۆری گشتی کۆمەڵگەیە تەخشان و پەخشانی پێبکەن. هەروەها دوورە پەرێزی و دوورکەوتنەوە لەهەڵسوڕانی ڕاستگۆیانەی سیاسی و حیزبی ئاراستەبوون بە زیاتر گیرۆدەبوون بەکاری کەسی وبەرژەوەندچێتی و خۆپەرستی و کاری بازرگانی لەژێر چەتری هەڵسوڕانی سیاسی و حیزبایەتیدا، کە بەدرێژایی تەمەنی هەڵسوڕانی سیاسی حیزبەکانی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان کاریان لەسەرکردووە ئەمەش دوو ئامانجیان بەدەست هێناوە: (١-تێکشکاندنی ئیرادەی هەبوونی هیوا و ئومێدی شۆڕشگێڕانەی تاک بۆشۆڕش و گۆڕانکاری نوێتر و باشتر لەناوکۆمەڵگەی کوردستان دا، کە بەنەخشە ڕێگای حیزبی ئەنجام بدرێت. واتە بەجێبەجێکردنی ئەم پلانە خەڵک لەجیاتی فشار خستنە سەر دەسەڵات بە ڕێکخراوبوونی خۆیان (خەڵکی نارازی) کە دەسەڵات ناچاربکات مل بە ڕیفۆرم وچاکسازی ڕیشەیی بکات کە دەسەڵاتی حیزب و دین لەحکومەت جیابکاتەوە، کۆمەڵگە بەرە وکۆمەڵگەیەکی شارستانی ومەدەنی بچێت هەروەها سوود لەئەزموونی باشی وخراپی تێکۆشانی خەڵکی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگیرێت بەپێچەوانەوە، بەتەواوی جێبەجێکردنی ئەم پلانەی دەسەڵات کە بێ ئیرادەکردنی تاکی هاوڵاتی بوو بۆ ئەوەی بۆ ژیان پشت بەخۆ نەبەستن بە ئیرادە نەبن بۆ ئیدارەدان و خۆبەڕێوەبەری و ڕێگری بکرێت لەگەشەی ئازادی و مافە مەدەنی و یاسا و فەرهەنگی شارستانی و سیکۆلاری .٢-ئەگەرچی خەڵک ناڕازییە لەدەسەڵات و جۆری ئیدارەدانی حیزبەکانی کوردایەتی، بەڵام ئەم ناڕازی بوونە نەتوانداروە سنوورەکانی حیزبایەتی تێکبشکێنێت (حیزبایەتی دەسەڵات). واتە سنووری دێگەڵە هەڵبوەشێنێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری خستۆتە هەڵسوڕانی دەرەوەی دەسەڵات. ئەوانە کە بەحیساب ئۆپۆزیسیۆنن لە کوردستان، تەنانەت کاریگەری نەرێنی خستۆتە سەر نەک حیزبەکانی لیبراڵ و ئیسلامییەکان کە ئاوێتەبن بە لوکاڵی بوونیان، بەڵکو ڕاستەوخۆ کاریگەری خستۆتە سەر حیزبەکانی چەپ وشیوعی وکۆمۆنیستەکانیش کەپاش چەندەها ساڵ کارکردنیان نەیان توانیوە سنوورەکانی لوکاڵی بوونی خۆیان لە هەڵسوڕانی سیاسییان ببەزێنن. تەنانەت نەیان توانیوە لەڕوویی ڕاگەیاندنیشیانەوە ئەو سنوورە تێک بشکێنن کە حیزبەکانی کوردایەتی کاری لەسەر دەکات بۆ بێئیرادەکردنی تاکی هاوڵاتی ناڕازی کە لەجیاتی هەڵبژاردنی ڕێگای ئاوارەیی و بۆ چوونە ئەوڕوپا یان خۆکوشتن وخۆخنکاندن ببێتە ئەندام و کادری ئەو حیزبە کۆمۆنیستەی کە لەبەرنامەی حیزبیدا خۆی بەدیل و ئەڵتەرناتیڤی حیزبەکانی دەسەڵات دەزانێت. قسە لەسەرئەوە نییە ئەوەی بەرنامەی حیزبە کۆمۆنیستەکان ڕاست نییە، قسە لەسەر ئەوەیە کەنەیان توانیووە وەڵامی ئەوپرسیارە بدەنەوە کە بۆچی نەتواندراوە سنوورەکانی دێگەڵە و هەولێر ودهۆک وسلێمانی وکەرکوک وهەڵەبجە تێکبشکێنن لەهەبوونی کاریگەرییان لەبەستنەوەی نارەزایەتییەکان بۆ کاروچالاکی گشتی سەراسەری لەتێکۆشانی یەکگرتووانەو هەماهەنگکاری و هاوپشتی دا؟؟! پێویستە هەرچی زووترە ئەو کۆدە بکەنەوە کە ئاراستەی کاریگەرییان بەرەو چەقی گۆڕانکارییەکان وەرچەرخێنن. پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت بەئیرادەی بەهێزەوە بەرەو ئاسۆیەکی مەدەنی و سۆسیالیستی مل بنێت جگە لە تێکۆشانی یەکگرتووانەو هاوخەباتی بۆ گەشەدان بەبزووتنەوەیەکی جەماوەری کە خەڵکی ناڕازی بنیاتی بنێت هیچ ڕێگایەکی تر لەئێستادا ئیمکانی نییە. لەبەرئەوەی کاریگەری دژەئینسانی حیزبەکانی دەسەڵاتی کوردایەتی بەجۆرێکە کەناخی تاکی هاوڵاتی کوردستان پارچە پارچە کردووە. ئەوان دەڵێن ئێمە لەناو کەشتیەکداین کە هەمووان لەناویدان، واتا حزبەکان بە ئەندامان و کادێران و سەرکردەکانی، لەگەڵ خەڵکدا، لەنێو ئەو پاپۆڕەن، کە ئەوان نەمێنن کەشتی یەکە لەناودەچێت واتە خەڵک لەناودەچیت ئەوان (حیزبەکانی دەسەڵات) بەردەوام خەڵک دەترسێنن. حیزبەکۆمەنستەکان خۆیان بەتێکۆشانی یەکگرتوانە جەماوەرییانە خۆیان بۆ ڕزگاری...

بۆ لاپەڕە...14



# حەسەن مارف: سروشتی حوکمڕانی دەسەڵاتدارانی هەرێم لەبەرەی کوردستانیەوە تا دەگاتە نۆیەمین کابینەی حکومەت بریتیە لە بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی هەردوو حزب بەگشتی و بنماڵەکانیان بەتایبەت...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز حەسەن مارف هەڵسوڕاو و چالاکی مەدەنی و کارمەندی تەندروستی سەبارەت بە "موچەی فەرمانبەران لە ململانێی نێوان هەولێر و بەغداد" دا

**بۆپێشەوە: موچەی موچەخۆران و خزمەتگوزارییەکان لە قورگی شێردایە، چۆن دەکرێت دانی موچە و خزمەتگوزارییەکان لە قورگی ئەم شێرە دەربهێندرێت؟**

**حەسەن مارف:** بەڕاستی مووچەی مووچەخۆران و خزمەتگوزاریەکان لەقورگی شێر دایە و لەشێر دڕندەتریشدایە!

> **مووچەی مووچەخۆران و خزمەتگوزاریەکان لەقورگی شێر دایە و لەشێر دڕندەتریشدایە! سەندنەوە و دەرهێنانی لەقورگی ئەم دڕندەیە تەنها و تەنها بەیەکخستن و یەکگرتوی خەباتمان دەکرێت!**

سەبارەت بەچۆنیەتی سەندنەوە و دەرهێنانی لەقورگی ئەم دڕندەیە تەنها و تەنها بەیەکخستن و یەککگرتوی خەباتمان دەکرێت بۆ دەرهێنانی لە قورگی ئەودڕندەیەو بگێڕدێتەوە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی کە هاووڵاتی و فەرمانبەرانی مافخوراون لەژێر دەسەڵاتێکی بەناو خۆیی و لە ڕاستیدا مافیا ئاسا ڕەفتار.

**بۆپێشەوە: خەڵکی بێبەشی کوردستان بەگشتی و موچەخۆران بەتایبەتی، بوونەتە قوربانی ململانێی نێوان بەغدا و هەولێر، چۆن دەکرێت خەڵکی کوردستان و موچەخۆران چیتر نەبنە قوربانی ململانێی ئەم مافیایەی هەردوو دەسەڵات؟**

**حەسەن مارف:** ئێمە خەڵکی بەش مەینەت مووچەخۆران تاکە قوربانی و زەرەرمەندی ئەم نێوانەین. بۆ دەربازبوون لە م ململانێیە، دەکرێت ئێمە بەڕوونی و بەڕاشکاوی فشاری هەمەلایەن بۆ سەر هەردوو دەسەڵاتی هەرێم و ناوەند بەرین، بەپێی ئەو یاسا دەستورەی لەهەرێم و ناوەند هەن. مووچەخۆرانی خەڵکی هەرێم مافی سەرەتایی و بێ ئەملاولای خۆیەتی شایستە دارایی و پشکی بەرکەوتەی خزمەتگوزاری پێبدرێت، و بێنەدەرەوەی ئەم ململانێیە نادروست و پڕلەکێشەیە.

**بۆپێشەوە: هۆکار چییە خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بۆ موچەو خزمەتگوزارییەکان، بەسەرکەوتن ناگەن؟**

**حەسەن مارف:** هۆکاری سەرنەکەوتن وبەئەنجام نەگەیشتنی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان بۆ مووچە و وخزمەتگوزاریەکان، دەگەڕێنمەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار:

١- نادروستی و هەڵە لەچۆنیەتی نارەزایەتییەکان دوبارەکردنەوەی بایکۆت کردن و دوورکەوتنەوە لەناوەندی کار کەخۆی دەبێت خەباتی مانگرتن بێت لەناوەندی کار ، چونکە بایکۆت دوورت دەخاتەوە لەهاوکارو هاوخەباتەکانمان.

٢- بەحزبی کردنی هەموو بەڕێوەبەری شوێنی کارو تەنانەت بەرپرسی هۆبە و بەشەکان خەڵکی حیزبی و گوێڕایەڵی دەسەڵاتی لێ دانراوە.

٣- وەڵامی نادیموکوراسی و سەرکوتگەرانە و پێشێلکردنی هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان لەکاتی نارەزایەتییەکان، و کوشتن و تۆقاندن و گرتنی چالاکوانان و خەڵکی هەڵسوڕاوی ئەم بوارە.

د- لەیەک دابڕان و پەرتەوازەیی خەڵک بەهۆی پەتای کۆرۆنا، و ویستی دەسەڵاتی سیاسی بۆ پەککستنی - کەرتی گشتی و هەڵتۆقانی کۆمپانیا حیزبیەکان لەبری دام ودەزگا دەوڵەتی و خزمەتگوزارییەکان.

٤- نەبوونی سەندیکا و ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی کارا و دوور لە هەژموونی حزبی.

**بۆپێشەوە: زامنی سەرکەوتنی نارەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان چییە؟**

> **دەسەڵاتی هەرێم جگە لەوەی وەك خەزنەدارێکی(محاسبێکی) دەست پیس و گوماناوی و سەربار بەسەر شانی خەڵکەوە هیچی تر نییە...**

**حەسەن مارف:** یەکخستن و هاوئاهەنگکردنی ئەم خەباتە لەنێوان شاروشارۆچکەکان لە هەردوو زۆنی سەوز و زەرد، هاو زەمانکردنی نارەزایەتیەکان و داواکاریەکان وڕێگری کردن لەوەی حزب و ڕێکخراوەکان بۆ بەرژەوەندی حیزبی و شەخسی سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان بن، بەتایبەت حزبەکانی ناو دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی لە کوردستان. کەئەمە ئەزموونێکی خراپی داوە بەخەڵکی نارازی.

**بۆپێشەوە: ریشەو هۆکاری ململانێی نێوان دەسەڵاتی سیاسی بەغدا و هەرێم، چییە؟ بۆچی بەردەوام لەکێشەو ململانێدان، بەتایبەتیش لەسەر موچە؟**

**حەسەن مارف:** ڕیشەی ململانێی نێوان هەرێم و بەغداد ڕووە ڕاستیەکەی پلە و پۆست و تالانی و بەشە تالانییە لای هەردوولایان، بەڵام ڕوپۆشکردنی ئەم ململانێیە بەڕوپۆشی قەومی و دینی و نیشتمانی بۆ خۆی لای ئەمان هیچی ڕیشەی نییە. دەکرێت خەڵکی مووچەخۆرو بەش مەینەتی هەرێم وەک ئەرکی دەوڵەت دەسەڵاتی سیاسی ئەرکدار کات بە دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزارییەکان.

**بۆپێشەوە: بەرپرسانی هەرێم، زوربەی مانگەکان دەڵێن ئەگەر برە پارەی بەغدا هات، موچە دابەش دەکەین، کەواتە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم ڕۆڵی چییە ئەگەر هەر چاوەڕوانی پارەی بەغدا بێت بۆ دابەش کردن؟**

**حەسەن مارف:** تاکە ڕێگەی دەرچوونی خەڵک لەنێوان ئەم ململانێیە، بەو پێیەی هەرێم چاوەڕێی ناوەندە بۆ دابەشکردنی نیومووچە وبڕینی خزمەتگوزاریە گشتیەکان. هەرێم جگەلەوەی وەک خەزنەدارێکی(محاسبێکی) دەست پیس و گوماناوی و سەربار بەسەر شانی خەڵکەوە هیچی تر نییە. بەبڕوای من سروشتی حوکمڕانی دەسەڵاتدارانی هەرێم لەبەرەی کوردستانیەوە تا دەگاتە نۆیەمین کابینەی حکومەت بریتیە لە بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی هەردووحزب بەگشتی و بنەماڵەکانیان بەتایبەت و شانخاڵیکردنەوە لە بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر ماف و ژیان و گوزەران و ئاسایشی خەڵکی کوردستان.



## بەرزان شەلال: بڕواناکەم دەسەڵاتدارانی هەرێم لە دزی و تالانچێتی هاوشێوەیان هەبێت. وە بڕواشم وایە مەیلی دز بۆ لای دز شتێکی تازە نییە. حکومەتی ناوەند بەهەموو گەندەڵی و کەموکوڕیەکانیەوە تا ئێستا بەردەوامە لە پێدانی موچەی فەرمانبەرانی خۆی. دەسەڵاتدارانی هەرێم لەسەر بنەمای (بەشی خۆم بۆ خۆم و بەشی تۆش دەخۆم) کاریانکردوە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز بەرزان شەلال سەرۆکی لقی کۆیەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان سەبارەت بە "موچەی فەرمانبەران لە ململانێی نیوان هەولێر و بەغداد" دا

**بۆپێشەوە: موچەخۆرانی هەرێم، لە هەرێمدا کار دەکەن، هەربۆیە دەسەڵاتی هەرێم بەرپرسە لە دابینکردنی موچە لەکاتی خۆیدا، هۆکار چییە، دەسەڵاتی هەرێم بەرپرسیاریەتی هەڵناگرێت؟**

**بەرزان شەلال:** هەروەک لە پرسیارەکەتان ئاماژەتان پێداوە، موچەخۆرانی هەرێم لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵی کاردەکەن و ئەرکی ئەو هەرێمەیە شایستە داراییەکانی موچەخۆران دابین بکات. چونکە هەرێم خاوەنی کابینەی حکومی خۆیەتی و هەرخۆشی لە ڕابردوودا سەربەخۆیی ئابوری خۆی ڕاگەیاندووە. واتە خۆی دانی بەو بەرپرسیارێتیە داناوە. ئەوەی کە نکۆڵی لەو بەرپرساریتیە دەکات؟ خەڵەتاندنی خەڵک و خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی، لەلایەکی ترەوە ئاماژەیە بۆ شکستی حکومڕانی، کە دەسەڵاتدارانی هەرێم لە بری داننان بەم شکستە؛ دەیانەوێت بۆ بەردەوامبوون لە دزین و بەتاڵانبردنی داهاتەکانی هەرێم بەرپرسیارێتیەکە بخەنە ئەستۆی حکومەتی ناوەند.

**بۆپێشەوە: دزی و تالانچیتی دەسەڵاتی هەرێم، ئەو بۆچوونەی هێناوەتە ئاراوە کە بەشێک لە خەڵک و هێزە سیاسیەکان مەیلی گەڕانەوە بۆ بەغدایان هەیە، لە کاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی ناوەند بەهەمان شێوەی دەسەڵاتی هەرێم دەسەڵاتێکی دزو تالانچییە؟**

**بەرزان شەلال:** بڕواناکەم دەسەڵاتدارانی هەرێم لە دزی و تالانچێتی هاوشێوەیان هەبێت. وە بڕواشم وایە مەیلی دز بۆ لای دز شتێکی تازە نییە. حکومەتی ناوەند بەهەموو گەندەڵی و کەموکوڕیەکانیەوە تا ئێستا بەردەوامە لە پێدانی موچەی فەرمانبەرانی خۆی. دەسەڵاتدارانی هەرێم لەسەر بنەمای (بەشی خۆم بۆ خۆم و بەشی تۆش دەخۆم) کاریانکردوە. وە بەردەوام سیاسەتی ئابوریان ناڕون ناشەفاف بووە. لە سیاسەتی گشتیشدا دووڕوویانە هەڵسوکەوتیان کردوە.

**دەسەڵاتی هەرێم لە سیاسەتی گشتیشدا دووڕوویانە هەڵسوکەوتیان کردوە. لەبەردەم دەسەڵاتدارانی ناوەند لاواز و لە بەرامبەر خەڵکی خۆیاندا بەهێز خۆیان نیشانداوە، لە بەغدا وەك نۆکەرو لە هەرێم وەك ئاغا دەرکەوتوون...**

لەبەردەم دەسەڵاتدارانی ناوەند لاواز و لە بەرامبەر خەڵکی خۆیاندا بەهێز خۆیان نیشانداوە، لە بەغدا وەک نۆکەرو لە هەرێم وەک ئاغا دەرکەوتوون. بە کورتی مەیلەکە لە پێناو لەیلی خۆیاندایە، نەوەک دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی هەرێم.

**ئایندەی کوردستان وە قەوارەی هەرێمی کوردستان لەوپەڕی مەترسیدایە. وە مەترسیەکان لەوە گەورەترن کە ئێستا لەبەر چاون، ئەم ڕوانگەیەشم لەژێر ڕۆشنایی بێ ئیرادەیی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەرامبەر بەغدا سەرچاوەی گرتووە. ئەم بێ ئیرادەییە خاڵی بەهێزی بەغداو خاڵی لاوازی دەسەڵاتدارانی هەرێمە.**

**بۆپێشەوە: خەڵکی نەدار و بێبەشی عێراق و کوردستان... بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیان بەکردەوە نیشانیان داوە کە دژی دەسەڵاتی بەغداو هەرێمن، چۆن دەکرێت تورەیی و ناڕەزایەتی خەڵکی عێراق و کوردستان هاوئاهەنگ بکرێت؟**

**بەرزان شەلال:** دەکرێت بڵێین هەرسێ پێکهاتەی هەرێم و ناوەندو باشور هاومەینەتن. لە ژێر فەرمانڕەوایی دو دەسەڵاتی گەندەڵدا. هەر بۆیە بە شێوازی جیاو لە ناوچەی جیاو کات و شوێنی جیاواز خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی ئەنجامدراوە. بەڵام نە ئەنجامی پێکاوەو نە دەرەنجامێکی ئەوتۆی هەبووە. بەتایبەت ناڕەزایەتیەکانی هەرێم. کە بە زەبری هێز کۆتاییان پێهێنراوە. بۆ ئەوەی دەنگی ناڕەزایەتی دلێرترو کاریگەرتربێت، لەسەر ئاستی عێراق بە گشتی پێویستی بە هەماهەنگی و یەکخستنی گوڕو توانای دەنگە ناڕازییەکان هەیە. بۆ ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی نوێنەرانی خەڵکی ناڕازی لە ئەنجومەنی نوێنەران، یا لایەنە سیاسیە ڕکابەرەکانەوە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان کار لەسەر یەکخستنی چالاکیەکان بکەن، و بە ئامادەکاری وردەوە کاربۆ ئەوە بکرێت، خۆپیشاندانەکان سەرتاسەری و بەردەوامبن تا بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانی خەڵک. گرنگە یەکخستنی دەنگەکان لەپێناو چاکەی گشتی بێت.

**بۆپێشەوە: ململانێی نێوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا، ململانێی نێو خانەوادەی بۆرژوازییە لە ئاستی عێراقدا، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆئەوەی نەبنە سوتەمەنی ئەو ململانێیە، دەبێ چی بکەن و چ ئەرکێک دەکەوێتە سەرشانیان؟**

**بەرزان شەلال:** ململانێی نێو خانەوادە بۆرژوازیەکان لە عێراقدا لە ئاستێکی مەترسیداردایە. سڵ لە هیچ ئامرازێکی نەشیاو ناکەنەوە. خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش تیاییدا سوتەمەنین. وای نابینم ئەم خەڵکە بەشمەینەتە هیچی لە دەست بێت، لانیکەم پێویستە هۆشیاری خەڵک بگاتە ئاستێک لە هەڵبژاردنەکاندا سەمایان بۆ نەکات و باوەڕ بە بەڵێنە درۆینەکانیان نەکات، و لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانیش ڕۆڵی تەماشاکەری نەبینن.

**بۆپێشەوە: نوێنەرانی حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان لە بەغدا بەهیچ جۆرێک نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان و ماف و داخوازییەکانیان ناکەن، خەڵکی کوردستان چۆن دەکرێت نوێنەرایەتی بکرێن؟**

**بەرزان شەلال:** نوێنەرانی حیزبە بۆرژوازیەکانی کوردستان لە بەغدا، نوێنەری پاراستنی بەرژەوەندی حیزبەکانیانن. ئەوەش شاراوە نییەو کەس ناتوانێ نکۆڵی لەمە بکات. نوێنەرایەتی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە شەڕی خواست و داواکانی گەلەکەت بکەیت نەوەک حیزبەکەت. پێویستە خواستی بەدیهێنانی چاکەی گشتی جەماوەر لە ئەولەویەتی ئامانجەکانی بێت.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ئایندەی سیاسی کوردستان، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراق و دەسەڵاتی داسەپاوی بزووتنەوەی شکستخواردووی کوردایەتی؟**

**بەرزان شەلال:** ئایندەی کوردستان وە قەوارەی هەرێمی کوردستان لەوپەڕی مەترسیدایە. وە مەترسیەکان لەوە گەورەترن کە ئێستا لەبەر چاون، ئەم ڕوانگەیەشم لەژێر ڕۆشنایی بێ ئیرادەیی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەرامبەر بەغدا سەرچاوەی گرتووە. ئەم بێ ئیرادەییە خاڵی بەهێزی بەغداو خاڵی لاوازی دەسەڵاتدارانی هەرێمە. هەموو شتێک بوەتە قوربانی بەرژەوەندییە کەسی و حیزبیەکانی خانەوادەو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم.



# محەمەد گۆران: گومانی تێدا نییە کە ئەو دۆخەی ئێستا بەسەر مووچەخۆر و فەرمانبەرانی هەرێمدا سەپێنراوە، لەدرووستبوونی دەوڵەتشاری بابل و شارستانییەتی سومەری تاکو ئێستاکە وێنەی نەبووە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز مامۆستا محەمەد گۆران چالاکوانی مەدەنی سەبارەت بە "موچەی فەرمانبەران لە ملمانێی نێوان هەولێر و بەغداد" دا

**بۆپێشەوە: لەساڵی ٢٠٢٠ دا تەنها هەشت مووچەو بەشێکیان بەلێبڕینەوە بووە، کە دراوەتە مووچە خۆران، لەو هەشت مووچەیەش سێ مووچەی هی ٢٠١٩ بووە، واتا لەساڵی ٢٠٢٠دا تەنها پێنج مووچە دابەشکراوە. ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیان و گوزەرانی مووچە خۆراندا دەبێت؟**

**مامۆستا محەمەد:** گومانی تێدا نییە کە ئەو دۆخەی ئێستا بەسەر مووچەخۆر و فەرمانبەرانی هەرێمدا سەپێنراوە، لەدرووستبوونی دەوڵەتشاری بابل و شارستانییەتی سومەری تاکو ئێستاکە وێنەی نەبووە، چینێکی سەرووی دەسەڵات وەک گەنە خۆیان بنووسێنن بەکورسی حوکمڕانییەوە، نەتوانای بەڕێوەبردن و ژیانێکی شایستە بەکۆمەڵگەیان هەبێت، نەئامادەش بن کورسی بۆ کەسانێکی شایستە جێبهێڵن.

هۆکاری ئەم تەنگەژەی هەرێم تێیکەوتووە، بەشێکی مێژووییە و پەیوەندی بەمیساقی میللی و پەیوەندی نێوان تورک و ئینگلیزەوە هەیە، و بەشەکەی دیکەش پەیوەندی بەچینی سەرووی کوردەوە هەیە کە لەرێگای ڕێککەوتنێکی پەنجا ساڵی، ئابووری هەرێم بەستراوەتەوە بەئابووری تورکیا، لەکاتێکدا هەرێم هێشتا بەشێکە لەحکومەتی عێراقی عەرەبی.

کاریگەری ئەم دۆخە داسەپاوەش، هێندەی ماددییە، دوو هێندەش مەعنەوییە. ڕەشبینییەکەی ئێستای خەڵکی و ڕێکخراوەکان گەیشتووە بەو قۆناغەی، لەدەرچەیەک بگەڕێن، چۆن مووچە ڕاستەوخۆ لەبەغداوە دابەشکرێتە سەر فەرمانبەران!؟.

**حکوومەتی هەرێم بەرپرسیارە لەو دۆخە، چونکە نەئامادەیە نەوت و داهات تەسلیم بکات، نە ئەوکاتەی خۆیشی نەوتەکە دەفرۆشێت، پارەکەی دیار بێت!. لەگەڵ ئەوەی هەرێم مووچەش نادات، بەڵام دەیان ملیار دۆلاریش قەرزار بۆتەوە...**

**بۆپێشەوە: مووچە داخوازی نییە، بەڵکو مافێکی ڕەوایە و پێویستە لەکاتی خۆیدا دابەشبکرێت، هۆکار چییە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، پابەند بەدابەشکردنی مووچە نابێت، ئایا بەڕاستی داهات نییە یان هۆکاری دیکەی لەپشتە؟**

**مامۆستا محەمەد:** ئەگەر حکوومەتی عێراق داوای نەوت و داهاتی دەروازە ناوەخۆییەکان لەهەرێم بکات لەبەرامبەر پێدانی سەدا حەقدەی١٧٪ داهاتی عێراق کە ماوەی چەندین ساڵ لەو پارە کەمتریش دەهات، پاشان دۆخی ژیان بەجۆرێک گۆڕا ئەو کوردانەی هەندەران، هەندێک دەیان ساڵ بوو کوردستانیان نەبینیبوو، لەخۆشی پارە زۆرییەکەی گەڕانەوە بۆ کوردستان؟ ئێستا کە هەرێم نەوت و داهات ڕادەست ناکات کەواتە دەبێ زۆر لەو سەدا حەقدە زیاتری دەستکەوێت! بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمجارە پارەکە ناگاتە دەست مووچەخۆر و چینی خوارەوەی کۆمەڵگە، هەر لەچینی سەرەوەی دەسەڵات، تەخشان و پەخشان دەکرێت!.

**بۆپێشەوە: کێ بەرپرسی یەکەمە لەدابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، دەسەڵاتی بەغدا یان دەسەڵاتی هەرێم؟ یان بەرپرسیارەتی هەر یەکەیان چییە و چۆنە؟**

**مامۆستا محەمەد:** حکوومەتی هەرێم بەرپرسیارە لەو دۆخە، چونکە نەئامادەیە نەوت و داهات تەسلیم بکات، نە ئەوکاتەی خۆیشی نەوتەکە دەفرۆشێت، پارەکەی دیار بێت!. لەگەڵ ئەوەی هەرێم مووچەش نادات، بەڵام دەیان ملیار دۆلاریش قەرزار بۆتەوە بەپێی قسەی خۆیان نزیکەی ٢٨ ملیار دۆلار قەرزارن؟ ئێستا هەرێم نەوت دەفرۆشێت وڵاتی ئوردەن نەوت دەکڕێ، ئینجا هەرێم قەرزارە و هەموو کەرتەکانی پەروەردە و تەندرووستیی و خزمەتگوزارییەکانی ئوردەن لەهەرێم لەپێشترە. بەدرێژایی مێژوو کورد دوو چینی هەبووە، سەروو و خواروو، هەمیشە چینی سەروو دەستی لەگەڵ دەسەڵاتە هەرێمایەتی و زلهێزەکان تێکەڵکردووە و خۆشترین ژیانی کردووە؟ ئێستا چینی سەرووی کورد لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکە، خۆشتر لەملیاردێرەکانی مۆناکۆ و تۆکیۆ و ڤییەنا و نیۆرک و دوبەی دەژین، چینی خوارەوەش ڕووبەڕووی ژیانێکی کولەمەرگی کراوە لەشێوەی خێڵەکانی ئەسیوپیا و سۆماڵ و ئەریتریا لەبێخاوەنی سەرگەردانن!

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە سەردانی وەفدی هەرێم بۆ بەغدا لەپەیوەند بەمووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم؟ ئایا ئەم شاندانە نوێنەری خەڵکی کوردستانن یان حزبە تالانچییەکان؟**

**مامۆستا محەمەد:** چوونی وەفدەکانی هەرێم بۆ بەغدا تەنها بۆ کات کوشتن بووە تاکو ئێستاکە، بەڵام لەدوای هاتنی دیموکراتەکان بۆ کۆشکی سپی، پێناچی هەرێم چیدی توانای درێژەدان بەو یاری مشک و پشیلەیە هەبێت!

**بۆپێشەوە: هۆکار چییە بەغدا هەرێم و هەرێم بەغدا بەپابەند نەبوون بەڕێککەوتنامەکان تۆمەتبار دەکات؟ کام لەم دوو لایەنە پابەندی ڕێککەوتنی نێوانیان نابن؟**

**مامۆستا محەمەد:** گومانی تێدا نییە کە عەرەبی سوننە و شیعەی عێراق، ئەوانیش سیاسەت دەکەن و بەدوای هەژموون و دەسەڵاتی خۆیانەوەن، بەڵام هەرێم و عێراق، بەغدا و هەولێر، لەمەسەلەی نەوت و داهات، هەولێر هەمیشە پاساو دەداتە بەغدا، چونکە نەوت تەسلیم ناکات، بۆیە لەو لایەنەوە جێگای داخە کە بڵێین بەغدا لەبابەتی بودجە و مووچە و نەوت ڕاستگۆترە و عەقڵی ئەوان دەوڵەتدارییە نەوەک ئەو دەسەڵاتەی لەهەرێم حوکمڕانی دەکات.

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر بەبێ مووچەیی و نەبوونیدا، ماوە نا ماوە، مووچە خۆران و خەڵکی بێکار و نەدار دەست دەبەن بۆ نارەزایەتی و خۆپیشاندان، کەچی دەسەڵاتی سیاسی لەبری وەڵام بەداخوازییەکانیان، دەست بۆ زەبروزەنگ و گرتن و کوشتار دەبات، چۆن دەڕواننە ئەو مامەڵەیەی دەسەڵات؟**

**مامۆستا محەمەد:** هەر بوونی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١ کیانێکی ناسرووشتی بوو کە لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەت نەتەوەی ئینگلیز دروستکرا، و وەک تەڵەیەک ویلایەتی موسڵی کوردی لکێنرا بەویلایەتی بەغدا و بەسرای عەرەبی. جارێکی دیکە لەساڵی ١٩٩١ بەڕاپەڕین و هێزی چەکداری سیستەم گۆڕا. دوای پێنج ساڵ، جارێکی دیکە لە ٣١ی ئابدا بەشێوەکی دیکەی ناسرووشتی سیستەم و دەسەڵات ئاڵوگۆڕ کرا و تائێستاش هەڵبژاردنەکی خاوێن نەکراوە.

بۆیە هەبوونی ئەو سیستەم و قەوارەی هەرێم بەشێوەکی سرووشتی نەهاتووە تاکو بەسرووشتی و بەسندوقی دەنگدان دەستاودەستی دەسەڵات بکرێت. هەرێمی کوردستان، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا نییە، ئەو دەسەڵاتانەی ناوچەکە هەرێمیشی لەگەڵدا بێت، کاتێک تۆی وەک هاوڵاتی قبووڵە بەحوکمدارییەکەی ڕازی بێت، ئەگینا ئامادەیە تۆمەتبارت بکات و بەزەبروزەنگ وەڵامت بداتەوە.

# درێژەی ... سیستەمی حزبی یان شورایی

کۆمەڵگە کەشتی یەک بنیادبنێن لە یەکخستنی نارەزایەتییەکان و خواستەکانی خەڵکەوە لەیەک تێکۆشانی ڕێکخراویی جەماوەری دا، ئەگەر حیزبە کۆمۆنیست و شیوعی و ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکان پێکەوە پشتیوان و هاوکاری گەشەی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی نارازی بێت بەدڵنیاییی دەبێ بەهەوێنی هێزێکی بێ وێنەو ئیرادەیەکی هاوبەشی یەکگرتووانە. پێویستە کار لەسەر بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی نارەزایەتیەکان بکرێت بە ئاسۆیەکی باشترو ڕوونتر بە چینی چەوساوە و کرێکار نیشان بدرێت بۆ خەباتکردن و بەرەوپێشبردنی شۆرشێک کەتێیدا چینی کرێکارو چەوساوە بتوانێت بەماف و ئامانجە ئینسانییەکانی بگات. بەڵام بەداخەوە حیزبەکان (کۆمۆنیست و شیوعی) یەکان دەیانەوێت چینی چەوساوەو نارازی و کرێکار بجوڵێت و دواتر خۆی ڕێکخراو بکات و بانگیان بکات بڵێت وەرن ئێوە ببنە رابەرو سەرکردەی چینی کرێکارو نارازی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەمەش هەمان کارێگەری حیزبەکانی دەسەڵاتدارە لەسەریان کە نەیان توانیوە دەربازببن لەم قۆناغە.

لە کاتێکدا زۆر ڕوون ئاشکرایە کە دەیان ملیۆن لە خەڵکی عێراق و کوردستان بەدەست هەژاری، و نەداری و نەبوونی لە ڕادەبەدەر و و نەبوونی سەرەتاییترین ماف و ئازادی وپێداویستییەکانی ژیان و ژیانێکی ئارام و شاد لە لایەکەوە دەناڵێنن، و لەلایەکی تریشەوە دەوڵەمەندییەکی کەمی بێ وێنەی تاقمێک لە سەرمایەدارانی چاوبرسی و سەرکردەی حیزبەکان و بەرپرسانی باڵای حکومی لەرێگەی دزی و گەندەڵی پێی گەیشتوون. جیاوازی چینایەتی زۆر گەشەی کردووە، ئەمەش ئاشکرایە ئەم نارەزایەتییەی کوردستان و عێراق نارەزایەتییەکی چینایەتی یە زیاتر و کە لەئەنجامی گەورە بوونی زیاتر و قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابوری وکێشە سیاسی وئیدارییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەرئەنجامی ساڵانی رابردوویی دەسەڵاتدارێتی حیزبەکانی کوردایەتی لەکوردستان و حیزبە قەومی ودینییەکان لەعێراق، کە کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق بەرەو کاول بوون بردووە و بەپێی راپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئاستی هەژاری لە کوردستان و عێراقدا لە ٢٠١٨ وە چەند قات بەرزبۆتەوە و زیاتر لە سێیەکی خێزانەکان ناتوانن مانگانە ٣٠٠ دۆلاری ئەمریکی بەدەستبهێنن. حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە زەبر و زەنگ و توندوتیژی و سەرکوتی بێوێنە بەگژ نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا چوتەوە، و لەکە تێیدا سەدان هەزار لە کارمەند و موچەخۆران و گەنجانی بێکار گولەی ئاگرینی راستەقینە و سۆندەی ئاوی ئاگرکوژێنەوە و غازی فرمێسکرێژی بەرکەوت کە بەجۆرێک بوو لە کردەوەی دژە ئینسانی پێشینەی نەبووە و بێ وێنەبووە. لەئەنجامی ئەم تێروانینەی سەرەوە کە ئاماژەی پێدراوە بۆ دەربازبوون و رزگار بوونی کۆمەڵگا، ئەڵتەرناتیڤی شورایی یە، هەروەکو ئێران کەچۆن بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەوەی جەماوەری شورایی هەنگاو بەهەنگاو دەیەوێت مۆری خۆی وەک بزوتنەوەیەکی چینایەتی لەئاراستەکردنی کۆمەڵگای ئێران بدات. سات لەدوایی سات و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە دەچێت. بۆرژگاری کۆمەڵگای عێراق وکوردستانیش باشترین نەخشە رێگای ئینسانی تێکۆشانی هاوخەباتییە بۆ هێنانەکایەوە و ڕێکخراوبوونی نارەزایەتییەکانی خەڵک بەجۆری کۆمیتەی ئەنجومەن و شورایی شۆرشگێری کەزۆر ئازادانە خەڵکی نارازی بەشداری لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بکات، نەک هەر چەند ساڵ جارێک بەشداریت لەدەنگدان، بەڵکو بەردەوام راوبۆچونی خەڵک کاریگەری هەبێت لەئاراستەکردنی کۆمەڵگا و دەستنیشانکردن وکاریگەری هەبێت لەسەر بەرپرسان و سیاسەتی ئیدارەدانی کۆمەڵگەدا، هەروەها پێویستە، نەک تەنها خەڵک وەک دەنگدەرێک بەشداربێت، بەڵکو وەک بەڕێوەبەرو بەرپرسی ئەنجامدەر لە کاروبارو چارەنوسی سیاسی کۆمەڵگە بەشداربن. واتە هەر تاکێکی کۆمەڵگە بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی بکەن. خەڵک پێویستە وشیارانە کار لەسەر تێکۆشانی بزوتنەوەی شورایی بکات و داهاتوێکی باشتر بۆخۆی مسۆگەربکات. بڕیاردانیش لە شوراکاندا لەکۆتایدا لەسەر بنەمای رایی تاکەکانە، بەڵام رایی تاکێکی ئەندامی شورا بەتەواوەتی لە رای کەسێک کە ئەبێت لە گۆشەگیری وتەنیایی خۆیدا بڕیار بدات جیاواز ئەبێت. یەکەمیان نیشانەی دەسەڵات و ئیرادە و هاورایی و هاوچارەنوسی تاکە لەگەڵ ئەواتی تردا، دووهەمیان نیشانەی گۆشەگیری و بێزاری و لاوازی کەسایەتی و بەربەرەکانێی تاکە لەگەڵ ئەوانیتردا. لەهەڵبژاردنی پەرلەمان تەنها خەڵک دەنگ دەدات و تەواو هەتا چوارساڵ ئەو ئەندام پەرلەمانە کادیری حیزبی یە و تەنها بەرژەوەندی کەسی و حیزبەکەی لەلاگرینگە، نەک خەڵک هیچ کەس ناتوانێت لای بەرێت و دووری بخاتەوە، واتە دیموکراسی پەرلەمانی بۆکەمینەی سەرمایەداری و سەروکی حیزبەکانە، چونکە تەنها ئەوان سوودی لێ دەبینن و بەناوی زۆرینەوە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەبنە پێشەوە شێوازێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی پارەو بازرگانی و دەوڵەمەندبوونی خێرای خۆیان و هەژارکردنی زۆرینەشە، ئەمەش بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو هەژارو برسییەکان ناپارێزێت. بەڵکو زیاتر ئاراستەی ملکەچ بوونیان دەکات بەیاساکانی چەوسانەوەو هەژاری و بێکاری زیاتر. هەربۆیە باشترین نەخشە ڕێگای ئینسانی ئەوەیە کە هێنانەدی ماف و ئازادی و خۆشبەختی سەرجەم خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هەژاران و تەواوی کۆمەڵگا لە گرەوی ئەڵتەرناتیڤی شوراییدایە کە سیستەم و حکومەتی شورایی و کارو ئیرادەی راستەوخۆی خەڵکە لە کاروباری ئیداری و دیبلۆماسی وکارگێری کۆمەڵگەدا. ناکرێت چیتر ڕێگا بدرێت کۆمەڵگە لەناو گێژاوی چەوسانەوەو بێمافی وسەرکوت و هەژاری و بێکاری ڕابگیرێت، گەنجان و لاوان و تەواوی خەڵکی کوردستان ئەرکیان بەرەو هێنانەدی ئاسۆیەکی نوێ بە لەگۆرنانی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە ملهوڕو چەوسێنەرو کۆنەخوازە هەنگاوی کرداری بنێن بەرێکخراووبوونی خۆیان لەناو بزوتنەوەی شوراکانی خۆیاندا، کە بەئیرادەیەکی بەهێزەوە کۆمەڵگەیەکی باشترو دوور لەچەوسانەوە بەدی بهێنن.

# درێژەی دوا وتە

ئاڵوگۆرە سیاسیانەی لە ئاستی ناوچەکەو عێراق و کوردستاندا، روودەدەن، یەکێتی هێزێکی دەست و پێ سپی، چاولێکەرە کە رووداوەکانی رایدەکێشن و بۆتە هێزێکی کاردانەوە نیشاندانی لاواز...

لە ئێستادا، کە پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی لەبەرامبەر بەغدا لاواز بووە، لە ئاستی ناوچەدا مەوقعیەتی پێشووی داکشاوە لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیشدا، بەغدا بۆتەوە بە سەنتەری مامەڵەی سیاسی و کوردستان لە پەراوێز و کەناردا جێگەی گرتووە... یەکێتی وەکو بەشێک لەدەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەجیاتی ئەوەی لەناو ئەو واقیعەتە سیاسیانەدا، بەدوای سیاسەت و پرۆژە بۆ ئێستا و داهاتووە بێت... دەست بۆ پرۆژەی بەهەرێم کردنی سلێمانی یان زۆنی سەوز دەبات. کە ئەمەش زۆتر کارتی گوشارە بۆ سەر پارتی و بەغدا، تا ئەوەی پرۆژەیەکی جدی بێت.

یەکێتی دەزانێت، بڕیاری سیاسی لەئاستی هەرێم و عێراق و ناوچەکەدا بە پلەی یەکەم لەدەستی پارتیدایە... وە ئاگادارە کە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراقدا بەرێوەیە و دەشێت ئاڵوگۆر بەدوایخۆیدا بهێنێت و جێگای و رێگای هێزو بزوتنەوە سیاسییە کۆمەڵایەتیەکان جی گۆرکی پێبکات.

یەکێتی بە خوێندنەوەی بۆ ئەم واقیعەتە لە هەلومەرجی ئێستادا، دەیەوێت مامەڵەیەکی زۆرتری لەگەڵ بکرێت و وەکو هێزێکی خاوەن دەسەڵاتی زۆنی سەوز و بەشێک لە قەڵەمرەویی سیاسی هەرێم، گرنگی زیاتری پێبدرێت، بۆ ئەم مەبەستە کارتی بەهەرێم کردنی زۆنی سەوز یان پرۆژەی بەهەرێم کردنی سلێمانی بەدەستەوە دەگرێت. لەبەدەستەوە گرتنی ئەم پرسەشدا، ئامانج لە گورینی زۆنی سەوز بە زۆنی خزمەتگوزاریی و زامنکردنی مافە فەردی و مەدەنیەکان و بەرینکردنەوەی ئازادییەکان، نییە. بۆ دەست کورتکردنەوەی دەسەڵاتی حزبی نییە لەهەموو ئاست و لایەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقیدا. بەدوای ئەوەوە نییە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، خۆش بکات. ئامانج لێی کۆتاییهێنان و تەنانەت کەم کردنەوەی ئەم هەموو دزی و تالانییە نییە کە بەرپرسانی حزبی لەم زۆنە دەیکەن، وە بۆئەوە نییە تا کەرتە داروخاوەکانی وەکو خوێندن و پەروەردە، تەندروستی، ڕیگاوبان... بینابکرێنەوە، بەڵکو بەدوای ئەوەوەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆتر و دەستکراوەتر، ئابوری و داهاتی ئەم زۆنە لەدەستی خۆیدا قۆرغ بکات و رەسمیەتی دەستوریشی پێ ببەخشێت.

ئەم پرۆژەیە، کە من لام وایە کارتی گوشارە تا پرۆژەیەکی جدی... رووبەرووە لەگەڵ کاردانەوەی ناوچەیی، دەسەڵاتی بەغدا، باڵادەستی پارتی لە هەرێمدا، تەنانەت لەگەڵ رای گشتی شەقامی کوردستانیشدا، ناتەبا و ناکۆکە. لەگەڵ ئەوەدا دەسەڵاتی سیاسی لەبەغدا، لەگەڵ پارچە پارچەکردنی هەرێمی کوردستان و لاوازکردنیەتی، بەڵام بەو هۆیەوە پرسی بەهەرێم کردن، دەتوانێت لەداهاتوودا ببێتە پرسی زۆر شار و ناوچەی ئابوری و خاوەن نەوت لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا، لەدژیەتی. پارتیش کەخۆی بە میراتگری هەموو هەرێمی کوردستان و تەنانەت کوردستانی گەورەش دەزانێت، لەگەڵ ئەوە نییە دابرانی زیاتر لە نیوان زۆنی سەوزو زەرددا رووبدات، و حالەتی دیفاکتۆی" واقع" ی ئێستای لا باشترە لە بوون بەدوو دەسەڵاتی پشت بەستووی دەستوری و فەرمی. ئەوە بەجیا لەوەی پارتی دروشمی کوردستانی بەهێزی بەدەستەوە گرتوو، کە یەکێک لە ئامانجەکانی یەکپارچەیی هەرێم و هاوکات زاڵکردنی دەسەڵاتی خۆیەتی بەسەریدا. وڵاتانی ناوچەکەش لە ئێستادا ناتوانن پشتیوانی لە پرۆژەیەکی اوا بکەن، چونکە وەکو سەرەتایەک بۆ لیکترازنی یەکپارچەیی عێراقی دەزانن.

بەکورتی ئەم پرۆژەی بەهەرێم کردنە، کارتی گوشاری باڵی دەستڕۆشتووی یەکێتییە، وەکو کاردانەوەیەک لە پەراوێزخرانی دەسەڵاتیان لەسەر ئاستی هەرێم و کوردستاندا، کە ئەگەر زۆر پێداگری لەسەر بکەن، لەوانەیە دەستیان لەچەند ئیمتیازاتێک لەلایەن پارتی و بەغداشەوە دەستگیر ببێت و ببێتە سەرەتایەکیش بۆ خاوکردنەوەی کاتی ناکۆکیەکانی ئێستایان.

تا ئەو جێگایەی بەخەڵکی کوردستان دەگەرێتەوە، زوربەی هەرەزۆری دانیشتوانی هەرێم، بەو بەشە لە موچەخۆرانیشەوە کە خوازیاری گواستنەوەی موچەکانیان بۆسەر بەغدا، لەگەڵ بەهەرێم کردن و جیاکردنەوەی سلێمانی و دابڕ دابڕکردنی نین و ماهیەتی هەردوو دەسەڵاتی زۆنی سەوزو زەردیش دەناسن. ئەوان خوازیاری کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتەن، کە بۆیان بۆتە سەرچاوەی دەیان و سەدان موسیبەت و کوێرەوەری و بۆ راماڵینیشی بەکردەوە هاتونەتە مەیدان.

**ناوەڕاستی جەنیوەری ٢٠٢١**



بۆپێشەوە بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو و سانسۆرهەڵنەگری

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

## نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

شوانە حەسەن،ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، سەردار عەبدوڵا حەمە، هیوا ساڵح، کاوان قادر، عبدالرحمن رەسوڵ،جەمال نوری، ئەحمەد جوانکار،خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، ئارام حەسەن

## لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت"موچەی فەرمانبەران لە ململانێی بەغداد و هەولێر" دا

# سێ پارچە هۆنراوەی خالید بایەزیدی" دلێر"



جیهان!

ماڵێکی کاولە

کە هیچ ئەندازیارێك

ناتوانێ:

چاکی کاتەوە...

ماڵێك کە تەواوی بەری میچی

جاڵ جاڵۆکە دایگرتووە؟!

2-

من بەهارم!

بەڵام نازانم بۆ:

درەختەکانم ناپشکوون

بەگومانم...

ڕەشەبای بی وەختی

دوێنێ شەو

خونچەکانی لەگەڵ خۆی بردووە؟!

3-

بەڵێن وابوو:

لەگەڵ ئاواتەکانم بڕۆم

بەڵام!

خۆرکوژەکان نەیان هێشت....

دوای ساڵەهای ساڵ کەگەڕامەوە

هیچ کام لە ئاواتەکانم

منیان نەدەناسییەوە

وەکوو هەوری بەهاران گریام

سەر لە نوێ

جانتاکەم پڕکرد لە تەنیاییم و

بەرەو وڵاتی نادیار ڕۆیشتم؟!

## دوو بەهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح







دارە زەردەکان سێبەرەکانیان سەوزە

## دوا وتە

# کارتی بە هەرێمکردنی زۆنی سەوز!!

### عەبدوڵا مەحمود

جارێکی تر یەکێتی نیشتیمانی پرسی بەهەرێمکردنی سلێمانی، یان بەهەرێمکردنی زۆنی سەوزی هێنانەوەتە گۆڕ. هێنانە گۆڕی ئەم پرسە وەکو هەموو جارەکانی تر ئاکامی بێ پڕۆژەیی و ئەجندای رۆشنی سیاسییە.



یەکێتی نیشتیمانی لەدوای کۆنگرەو تەنانەت بەر لەکۆنگرەش بەڵێنی نوێبوونەوە، سەربەخۆی بڕیاری سیاسی، کردبووە دروشمێک لەپێناو گێرانەوەی هەیبەت و ئیرادەی سیاسی بۆ یەکێتی، تا ئەو ڕادەیەی بتوانێت کێبەرکێی سیاسی لەسەر ئاستی و کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا لانی کەم لەگەڵ پارتیدا بکات. جەماوەری تۆراو تورەی لەخۆی ئاشت بکاتەوە، و کۆتایی بە ململانێی ناوخۆیی یەکێتیش بهێنێت، کە جەستەی داغان کردبوو.

ئێستا دوای ساڵێک بەسەر کۆنگرەی یەکێتیدا بەڕوونی دەرکەوت کە بانگەشەکانی یەکێتی، نەک تەنها روو بەجەماوەری کوردستان، بەڵکو لە ئاستی تەلاری رێکخراوەیشیدا، بەشوێنک نەگەیشتووە، بەڵکو لەبەردەم دارمان و پاشەکشەدایە. هەموو ئەو گۆڕانەی بەسەر یەکێتیدا هاتووە، کەنارخستنی بەشێکی زۆر لە کاراکتەرو بکەرە سیاسیەکانی پێشوو، وە هێنانە پێشەوەی ژمارەیەک کاراکتەری سیاسی نوێیە بۆ ناو چەقی دەسەڵات و بریاری سیاسی.

ئەم تیپە کە هاتوونەتە ناو چەقی دەسەڵات و بەکردەوە یەکێتیان بەدەستەوەیە، خاوەنی هیچ نەخشەیەکی سیاسی و پرۆژەیەک لەسەر ئاستی سیاسی ناوچەکەو عێراق و کوردستان و تەنانەت زۆنی سەوزیش نین. ئەوەی کە یەکێتی لەم زۆنە هێشتۆتەوەو هێشتا بەشێکە لە دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی هەرێمدا و بەشدارە لە پەرلەمان و حکومەتی!! دیکۆردا، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە یەکێتی لە رێگای هێزی چەکدار و دەزگای ئەمنی و سەربازی و دەست بەسەراگرتنی داهات و خۆبەستنەوەی بە ئیران و رەوتەکانیدا، توانیویەتی بمێنێتەوە.

لەناو ئەو هەموو کێشمەکێش و...

بۆ لاپەڕە 14